# خەباتی مەدەنی لە شاری سلێمانیدا (١٩٤٥-١٩٥٨)

**پ.ی.د.هیوا حەمید شەریف**

مامۆستا لە زانکۆی کۆیە
فاکەڵتی پەروەردە/بەشی مێژوو
hewa.hameed@koyauniversity.org

**سۆران حسین ابراهیم**

خوێندکاری ماستەر لەزانکۆی کۆیە/ ی.توێژەر(معید) لە
زانکۆی کۆیە
Soran.hussen@koyauniversity.org

**پوختە:**

خەبـاتی مەدەنیـی بەشـێکی گرنگـی خەبـات و تێکۆشـانە بـۆ گەیشـتن بـە ئامانجـە سیاسـییەکان، ئـەم شـێوازە لـە خەبـات پێوەسـتە بـە ئاسـتی هۆشـیاری و تێگەیشـتنی تاکـەکانی کۆمەڵگـە. شـاری سـلێمانی یەکێکـە لـەو شـوێنانەی لـە پـاش جەنگـی دووەمـی جیهـانی بـە دواوە لەپێنـاو بەدیهێنـانی مافـە سـیاسی و کولتورییـەکانی کـورد، ئـەم شـێوەی لـە خەبـات تاقـی کردووەتـەوە و لـەم بـوارەدا ڕۆڵـی چالاکـی بینیـوە، لـە ڕاسـتیدا بـوونی ئـەم شـێوازە لـە خەباتکـردن بـە شـێوەیەکی بەرفـرەوان لـە مـاوەی دیاریکـراودا، دەگەڕێتـە بـۆ ئـەو گۆڕانکارییـە ناوخۆیـی و دەرەکییانـەی لـە عێراقـدا ڕوویـان داوە کاریگەرییـان هەبـووە، لەلایەکـی دیکـەوە خەباتـی چەکـداری لـەم ماوەیـەدا نابینرێـت، بەڵکـوو خەباتـی مەدەنـی بـە شـێوەیەکی بەرفـرەوان ئەنجـام دراوە، بەتایبـەت لـە ڕێگـەی خۆپیشـاندان و بەرزکردنـەوەی یادداشـت و کۆکردنـەوەی واژۆوە ئـەم خەباتـە پێـڕەوی لـێ کـراوە. ئـەم توێژینەوەیـە بـە میتـۆدی پشتبەسـتن بـە سـەرچاوە هاوچەرخـەکان و شـیکردنەوە و شرۆڤەکردنیـان هـەوڵ دەدات کرۆکـی سـەرهەڵدانی خەبـاتی مـەدەنی لـە شـاری سـلێمانی و کاریگـەری و ئەنجامـەکانی بخاتـە ڕوو.

کلیلەوشە: خەباتی مەدەنی، خۆپیشاندان، سلێمانی.

پێشەکی:

بایەخی توێژینەوەکە:

خەبـاتی مەدەنیـی هەمـوو ئـەو شـێوازانە لـە خەباتکـردن دەگرێتـەوە، کـە مۆرکـی ناتوندوتیـژی لەخـۆ دەگرێـت، بـە مانایەکـی دیکـە خەبـاتی مـەدەنی جـێی اناکرێتـەوە لـە خەبـاتی ناتوندوتیـژی و دژە ئاڕاسـتەی خەبـاتی چەکداری و توندوتیژییـە، لـە ڕاسـتیدا ئـەم توێژینـەوە هەوڵێکـە بـۆ خسـتنەڕووی ڕۆڵ و کاریگەریـی خەبـاتی مـەدەنی لـە شـاری سـلێمانی، بەتایبـەت کـە ئـەو شـێوازە لـە ڕابـردوودا نەبووبـووە مۆدێلێکـی خەباتکـردن بـە شـێوەیەکی بەرفـرەوان، ئەمـەش بەهـۆی پاشـخانی فیکـری و زاڵبـوونی پێوەندییـە خێڵەکـی و عەشـائرییەکان و لاوازی ئاسـتی هۆشـیاریی کۆمەڵگـەی کـوردی، ئەگەرچـی لـە شـاری سـلێمانی لـەدوای جەنگـی یەکەمـی جیهانییـەوە بیرۆکـەی ئـەو خەباتـە چەکـەرەی کـرد، بـەڵام لـە مـاوەی دیاریکـراودا زۆر بەرفرەوانـتر بـوو، بۆیـە سـەرهەڵدانی ئەمشـێوازە لـە خەباتکـردن ڕووداوێکـی گرنگیـی مێـژووی هاوچەرخـی کـوردە.

هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:

لـە ڕاسـتیدا هەڵبـژاردنی ئـەم بابەتـە بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە، تاکـوو ئێسـتە لێکۆڵینـەوە لـەم جـۆرە لـە خەبـات لـە شـاری سلێمانی ئەنجـام نـەدراوە، ئەگەرچـی بەشـێک لـەو ڕووداوانـەی دەچنـە چوارچێـوەی خەباتـی مەدەنییـەوە بـاس کـراون، بـەڵام شـرۆڤە و وردەکاریـی ئـەو ڕووداوانـە نەخراوەتـە ڕوو، لەکاتێکـدا خەبـاتی مـەدەنی خەباتێکـی گرنـگ و کاریگـەر و سـەردەمییە، بەڵکـوو ڕووداوێکـی گرنگـە لـە مێـژووی شـاری سـلێمانیدا.

ئامانجی توێژینەوەکە:

دەستنیشـانکردنی ڕێگـەکانی خەبـاتی مەدەنییـە لـە لایـەک، لـە لایەکـی دیکـە دەرخسـتنی ئـەو کاریگەرییەیـە کـە ئـەو خەباتـە ڕۆڵـی تێیـدا گێـڕاوە، بەتایبـەت ئەوەمـان پـێ دەڵێـت، کـە خەبـاتی مـەدەنی بـۆ ئـەو قۆناغـە گونجاوتـر بـووە.

میتۆدی توێژینەوەکە:

بنەمـای نووسـینی ئـەم توێژینـەوە بـە پشتبەسـتن بـووە بـە میتـۆدی لێکۆڵینـەوەی مێژوویـی، لـە ڕێگـەی کۆکردنـەوەی سـەرچاوە ڕەسـەن و گرنگـەکانی تایبـەت بـە مێـژووی ئـەم شـارە، پاشـان لێکدانـەوە و شـیکردنەوەیان بـۆ کـراوە.

گرنگترین سەرچاوەکان:

لـە نووسـینی ئـەم توێژینەوەیـەدا، سـوود لـە زۆر سـەرچاوەی هەمەجـۆر وەرگـیراوە، بەزمانـەکانی کـوردی و عـەرەبی، لەوانـە بەشـێک لـە: کتێبـە بیرەوەرییـەکان وەک بیـرەوەری هەریەکـە لـە (غەفـوری میـرزا کەریـم، قـادری میـرزا کەریـم، مەسـعوود محەمـەد، بەهادیـن نـووری) و چەنـد بیرەوەرییەکـی دیکـە، لەڕاسـتیدا کتێبـە بیرەوەرییـەکان ماددەیەکـی بەبایەخـن بـۆ هـەر توێژینەوەیـەک، لەبـەر ئـەوەی نووسـەرەکانیان خۆیـان ڕووداوەکانیـان بینیـوە و تەنانـەت زۆربەیـان بەشـدارییان لـە ڕووداوەکانـدا کـردووە، ئـەم سـەرچاوانە زیاتـر لـە بـواری خسـتنەڕووی ئـەو ڕووداوانـە سـوودیان لـێ بینراوە، کـە دەچنـە بـواری خەباتـی مەدەنییـەوە. جۆرێکـی دیکـەی بەبایەخـی سـەرچاوەکان بەڵگەنامەکانـن، بەتایبـەت بەڵگەنامـە بڵاوکراوەکان وەک (کـورد و کوردسـتان لـە بەڵگەنامـە نهێنییەکانـی حکومەتـی بەریتانیـا) کـە لەلایـەن کەمـال مەزهـەرەوە کۆکراوەتـەوە و وەرگێـڕدراوە، (سلێمانی لەچەنـد ڕۆژنامە و بەڵگەیەکی فەڕەنسـی و بەریتانیـدا) کـە لەلایـەن یاسـین سەردەشـتییەوە کۆکراوەتـەوە و وەرگێـڕدراوە، ئـەم جـۆرە لـە سـەرچاوەکان لـە خسـتنەڕووی زانیـاری دەربـارەی هـۆکاری دروسـتبوونی ئـەو بارودۆخـەی لـە سـلێمانیدا ڕوویـان داوە کەڵکیـان لـێ وەرگیـراوە. نامـە و تێـزە زانکۆییـە چاپکـراوەکان سـەرچاوەیەکی دیکـەی بەبایەخـن، لەوانەش وەک (پێشـهاتە سیاسـییەکانی کوردسـتانی عێـراق ١٩٤٥-١٩٥٨) لـە نووسـینی: مەهـدی محەمـەد قـادر، (سلێمانی لەنێـوان سـاڵانی ١٩٤٥-١٩٥٨ لێکۆڵینەوەیەکـە لەبارودۆخـی سیاسـی و ڕۆشـنبیری) لـە نووسـینی: توانـا ڕەشـید کەریـم. هەروەهـا ئەنجامدانـی چەنـد چاوپێکەوتنێـک لەلایـەن توێـژەرەوە لەگـەڵ هەریـەک لـە: ئەکـرەم یامولکـی، کامیـل ژیـر، عومـەر مەحـوی، ئەنـوەر فەخـری، حسـێن عـارف...) لەڕاسـتیدا ئەو کەسـایەتیانەی شـاری سلێمانی لەنـاو ڕووداوەکانـی ئەوکاتـەی شـاری سـلێمانیدا بـوون و بـە وریاییـەوە ڕووداوەکانیـان لەبیـر مـاوە، هـەر بۆیـە سـوودی باشـیان بـە توێژینەوەکـە گەیانـدووە، بەتایبـەت لـە باسـی خسـتنەڕووی زانیـاری دەربـارەی شـێوازی ئەنجامـدان و بەڕێوەچوونـی خەباتـی مەدەنـی لـە سـلێمانی. لەگـەڵ چەنـدان سـەرچاوەی دیکـەی بەبایـەخ، کـە لێـرەدا ناتواندرێـت هەمویـان بـاس بکرێـن.

پێکهاتەی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکــە لــە دەروازە و دوو بــاس پێــک هاتــووە، لــە دەروازەدا پێناســەی چەمکــی خەبــاتی مــەدەنی و لایەنــەکانی ئــەو خەباتــە کــراوە، بۆزیاتــر ئاشــنابوون بــە مانــاو ڕۆڵــی ئــەو خەباتــە لــە مێــژوو و ئێســتەدا، پاشــان لــە بــاسی یەکەمــدا ســەرنج خراوەتــە ســەرخەباتی مــەدەنی لــە شــاری ســلێمانی لــە مــاوەی ســاڵانی(١٩٤٥-١٩٤٨)، لێــرەدا شــێوازەکانی خەباتــی مەدەنــی کەلەلایــەن خەڵکــی شــاری ســلێمانییەوە پێــڕەو کــراوە و خراوەتــە ڕوو، لەباســی دووەمــی توێژینەوەکەشــدا درێــژە بــە باســکردنی ئــەو خەباتــە دراوە لــە مــاوەی ســاڵانی (١٩٤٨-١٩٥٨)، پاشــان ئەنجامــەکان خراونەتــە ڕوو.

دەروازە:

ناساندنی چەمکی خەباتی مەدەنی:

کاتێــک بــاس لــە خەبــاتی مــەدەنی دەکرێــت هــەر لــە زاراوەکــەوە دەردەکەوێــت، ئــەم جــۆرە لــە خەبــات بریتییــە: لــە خەباتێکــی هێمنانــەی دوور لــە توندوتیــژی، کــە بــە چەنــدان ڕێگــە و شــێوازی جیــاواز ئەنجــام دەدرێــت، هەرچەنــدە بەپێــی قۆنــاغ و پەرەســەندنەکان شــێوازەکانی ئەنجامــدانی گۆڕانــکاری بەســەردا دێــت و شــێوازی نــوێ و کاریگەرتــر پێــڕەو دەکرێــت، بــۆ ئاشــنابوونی زیاتــر بــەم چەمکــە هــەوڵ دەدرێــت ئامــاژە بــەو ســەرچاوانە بکرێــت کــە زانیاریــان لــە ســەر ئــەو شــێوە خەباتــە خســتووەتە ڕوو.

یەکێــک لــە ســەرچاوەکان بــەم شــێوەیە خەبــاتی مــەدەنی ناســاندووە: بریتییــە لــە شــێوازێکی خەباتکــردن بــۆ گەیشــتن بــە ئامانــج بــە کەڵکوەرگرتــن لــە شــێوازە جیــاوازەکانی خەبــاتی ســیاسی لــە دەرەوەی خەبــاتی چەکــداری (شــارب و هێلــوی،١٠٨،٢٠١٣)، نووســەرێکی دیکــە لــە کتێبەکــەی بەمجــۆرە ئامــاژەی پــێ داوە: بریتییــە لــە ڕەتکردنــەوەی توندوتیژیــی مێژوویــی و شــێوەیەکە بــۆ وتنــی (نەخێــر) بــۆ مێژوویــەک کــە نوقمــی توندوتیــژی بــووە، هەروەهــا لــە ڕێگــەی ئەم جــۆرە لــە خەبــات دەرئەنجامێکــی زۆر قووڵــتر لــە کاریگەرییــەکانی چالاکــی ســەربازی دروســت بــکات بــۆ لاوازکــردنی بەرانبــەر یــان ملکــەچ پێکــردنی بــۆ جێبەجێکــردنی داواکارییــەکانی (مێرگەسۆری،٢٠١١، ٤٥-٤٧)، وەک دەردەکەوێــت بــوونی دوو بنەمــا خەباتەکــە بــەرەو پێشــتر و دەرئەنجامــی باشــتر دەبــەن، ئەوانیــش بریتیــن لــە: بــوونی کۆمەڵگەیەکــی مــەدەنی لــە دەرەوەی عەقڵیــەتی خێڵەکــی، هەروەهــا بــوونی کەســانی بــە توانــا و ڕۆشــنبیر.

(ژان مــاری مولــەر ١٩٣٩- خەڵکــی فەڕەنســایە) دیاریــدەی ناتوندوتیــژی وەک جۆرێــک لــە هۆشــیاریی کۆمەڵایــەتی و کولتــووری پێناســە کــردووە، ئــەوە ناســینەوەیەکی وەهایــە کــە پریشــکی ناتوندوتیــژی کۆتایــی بــە هەژمونگەرایــی و قۆرخــکاری و ناکۆکــی و شــەڕ دەهێنێــت (عبدالحکیــم وآخــرون، ٢٠١٣، ٥٥).

ئــەم جــۆرە لــە خەبــات مێژوویەکــی دێرینــی هەیــە و زۆرێــک لــە گــەلان پەنایــان بــۆ بــردووە وەک ئامرازێکــی ڕامیــاری بــۆ دەربازبــوون لــە ڕژێمــە ســەرکوتکەرەکان (شــارب،د.ت،٣)، هەرچۆنێــک بێــت چەمکــی خەبــاتی مــەدەنی لــە ســەردەمە کۆنــەکان نابینرێــت، بەڵکــوو ســەرەتای هاتنــە نــاو ئەدەبیــاتی ســیاسی ئــەو چەمکــە بــۆ ناوەڕاســتی ســەدەی نــۆزدەم دەگەڕێتــەوە، لــەم بووارەشــدا، هەرچەنــدە(کارل مارکس١٨١٨-١٨٨٣) لــە ساڵی ١٨٤٨ هەوڵــی پێڕەوکــردنی خەباتی مــەدەنی داوە، کاتێــک کــە شــۆڕش هەمــوو لایەکــی ئەورووپــای گرتبــووەوە، ناوبراویــش لــە ڕێگــەی ڕێکخســتنی هەڵمەتێکــی فــرەوانی هۆشــیارکردنەوەی هاووڵاتییــان ئــەم جــۆرەی لــە خەبــات پێــڕەو کــرد، بــە نەبەخشــینی بــاج بەدەســەڵات و حوکوومەتــەکانی ئەوســای ئەورووپــا (مێرگەســۆری، ٢٠١١، ١٢)، بــەڵام یەکــەم کــەس کــە چەمکــی خەبــاتی مــەدەنی بەکارهێنــاوە نووســەرێکی ئەمریکییــە بەنــاوی (ســۆرۆ)٬ کــە لــە پێشــەنگی ئــەو نووســەرانە دێــت دەربــارەی خەبــاتی مەدەنیانــە نووســینی هەیــە بەنــاوی جەنگــی ناتوندوتیــژی لە ساڵی (١٨٤٩)لەشێوەی وتارێکدا بڵاوی کردووەتــەوە، ناوبــراو دژی جەنــگ بــووە، پێــی وابــووە جەنــگ باجێکــی زۆری دەوێــت و خەبــاتی ناتوندوتیــژی لــە ســەردەمی نوێــدا لەچەنــدان وڵاتــدا چۆکــی بــە ڕژێمــە ســەرکوتکەرەکان هێناوە(عبدالحکیــم وآخــرون،٣٦،٢٠١٣)، (گانــدی) دەربــارەی ســۆرۆ ئامــاژەی بــۆ ئــەوە کــردووە: کــە لــە کتێبخانــەی گرتوخانەدا لــە باشــووری ئەفریقیــا ناملکەیەکــی (ســۆرۆ)م دەربــارەی ســەرپێچی مــەدەنی بینــی، چەنــد ســاڵ دواتــر دەنووســێت: "ناملکــەی مامۆســتایانەی (ســۆرۆ) پاڵپشــتی زانســتیانەی کارێــک بــوو کــە مــن خەریکــی ئەنجــام دانی بــووم". تەنانەت(مارتــن لۆســەر کینگ)یــش بــاسی ئــەوەی کــردووە و دەڵێــت: ئــەوەی

ئێمە خەریکی بووین ئەنجامی بدەین لەسەر مەدەنیەت لەپێش ئێمەوە (سۆرۆ) ئەنجامی دابوو، بە گشتی (سۆرۆ) خەریکی ئەوەبوو ڕێگەیەک بدۆزێتەوە بۆ نەهێشتنی ئەو هەلومەرجانەی کە حوکومەتەکان و کۆمەڵگەکان بەرەو توندوتیژی پەلکێش دەکەن، کە بە تێڕوانینی (سۆرۆ) بەرلەهەرشتێک ئەم ڕێگەیانە ڕۆحین، چونکە بە بۆچوونی ئەو: پێویستە مرۆڤ لایەنی دەرونی بگۆڕدرێت، بۆ ئەوەی بتوانێت دوور بکەوێتەوە لە توندوتیژی (جەهانبەگلو،٢٠٠٢، ٩٩ – ١٠٩).

لە ڕاستیدا شێوازەکانی خەباتی مەدەنی جۆراوجۆرن، کە زۆر جار جۆرەکانی خەباتی مەدەنی بە گشتی لەلایەن ڕژێمە سەرەڕۆکانەوە ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە وەک: ترساندن و تۆقاندن، لێدان، زیندانیکردن و سزاکانی دیکەی وەک (ئابووری و کۆمەڵایەتی...). سەبارەت بەوەی چ جۆرە خەباتێکی مەدەنی هەڵبژێردرێت، لە ڕاستیدا ئەمە پێوەندیدارە بە ئامانجی خەباتەکەوە، لە جۆرەکانی بریتین لە: (چالاکی هێمایی، مانگرتن، بەرزکردنەوەی یادداشت و داواکاری، ڕێپێوان، خۆپیشاندان، خۆبوواردن لە هاوکاریی کۆمەڵایەتی، خۆبوواردن لە هاوکاریی ئابووری، خۆبوواردن لە هاوکاریی سیاسی...) (شارب و هێلوی، ٢٠١٣، ٨٩، ٩٢)، لە نموونەی دیکەی خەباتی مەدەنیانە: سکاڵا، واژۆ کۆکردنەوە، نەدانی باج، ڕێگریکردن (حمد، د.ت،٨٠)، هەروەها بایکۆتی هەڵبژاردن، بایکۆتی ڕێکخراوەکان لە پاڵپشتیکردنی حوکومەت و ڕەتکردنەوەی پۆستەکانی حوکومەت یەکێکن لە شێوازە گرنگەکانی خەباتی مەدەنی (عبدالحکیم و آخرون، ٢٠١٣، ٥٥)، ئەمە جگە لەوەی بیرمەند (شارب) باسی لە شێوازگەلێکی زۆری خەباتی مەدەنی کردووە لە گرنگترینیان وەک (دیدار، بەدواداچوون و چاودێریکردنی بەرپرسان> بێدەنگی> ڕاگرتنی ئیشوکارەکان> مانگرتنی گشتی وەک: مانگرتنی جووتیاران و کرێکارانی کێڵگە و کارگەکان، مانگرتنی زیندانیانی سیاسی، مانگرتن لە خواردن تەنانەت تا مردنیش(٢٠٠٧، ١٥٣ – ١٧٠) یەکێکی دیکە لە شێوازەکانی خەباتی مەدەنی وەک ئاماژەشیّ بۆ کرا بریتییە لە یادداشتنامە و واژۆکۆکردنەوە و بەرزکردنەوەی بۆ لایەنی پێوەندیدار بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکان، ئەم جۆرە لە خەباتکردن لەلایەن هاووڵاتییانی هیندی نیشتەجێی باشووری ئەفریقیا تاقی کراوەتەوە، کاتێک داوایان لە (گاندی)، کرد یادداشت و بەیاننامە و واژۆکۆکردنەوە و نووسین بۆ لایەنی پێوەندیدارەکان بەرز بکەنەوە، بۆ ئەوەی بیانگەڕێننەوە بۆ هیندستان تاکوو لە وڵاتی خۆیان خەبات و کۆشش بکەن بۆ نەهێشتنی چەوساندنەوە و سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی کەمینەیەکی ئینگلیز، کە هیندستانیان لەژێردەستتدا بوو (مێرگە سۆری، ٢٠١١، ٣٨).

لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین، جگە لە زاراوەی (خەباتی مەدەنی) لە سەرچاوەکاندا چەندان زاراوەی دیکە وەک هاوواتای ئەم زاراوەیە بەکار هاتون وەک (خەباتی ناتوندوتیژ، خۆپیشاندانی ئاشتییانە، دەستگرتن بە ڕاستییەوە)، لە واتای دەستگرتن بە ڕاستییەوە (گاندی) بە (ساتیاگراها) هێناویەتی کە بە واتەی (التمسک بالحقیقة) ناوبراو دەڵێت: "لەم ڕێگەیەوە دوور دەکەویتەوە لە توندوتیژی، چونکە ڕاستی لەگەڵ توندوتیژیدا یەک ناگرێتەوە". بە واتایەکی دیکە واتە: ئەگەر داواکارییەکانمان جێبەجێ نەکەن و ڕاستگۆ نەبن ئەوا ئێمەش دەنگتان پێنادەین و هاوکارتان نابین و ناتوانن فەرمانڕەوایەتیمان بکەن(عبدالحکیم وآخرون،٢٠١٣،٥٣).

بەپێی ئەو زانیاریانەی خرایەڕوو گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە خەباتی مەدەنی خەباتێکی ئاشتیخوازانەیە و دوورە لە شەڕ و توندوتیژی، هەرکاتێک چەک و کرداری سەربازی لە داواکردنی مافەکان بەکار هێنرا، ئەوە خەباتەکە بەتەواوی لە مەدەنیبوون دەردەچێت (ملابەختیار و صدیق،١٩٩٩،٢٧)، هەر بۆیە زۆر جار بەم جۆرە لە خەبات دەوترێت خەباتی سپی یان خەباتی نەرم. بۆ زیاتر بەرچاوڕوونی چەند شێوازێکیّ خەباتی مەدەنی دەخرێتە ڕوو:

یەکەم/ خۆپیشاندان:

ئەم چەمکە بە واتای هاوکاری و پشتگیری و کۆبوونەوە هاتووە بۆ نموونە لە قورئاندا بە "وأن تظاهرا عليه" هاتووە(سورة التحريم – الآية ٤)واتە هاوکار و پشتگیریی یەکتر، خۆپیشاندان لە زمانی عەرەبیشدا بەم شێوەیە هاتووە: (التظاهر تعني التعاون، والمظاهرة المعاونة أي نصره واعانة والظهير، العون، الواحد، الجمع في ذلك سواء، ستظهر به أي أستعان وظهرت عليه اعنته وظهر علي: اعانني وتظاهروا: تعاونو) (ابن منظور،ج٤، ١٤٠٥ك، ٥٢٢-٥٢٥). لێرەشدا هەر بە واتای

پشـتگیری و کۆبوونـەوە و پشـتی یەکگرتـن و هاوکاریکـردنی یەکـتر بـۆ بەدیهێنـانی ئامانجێکـی دیاریکـراو، بـە گشـتی واتـە مرۆڤـەکان هـاوکار و پشـتیوانی یـەک دەکـەن بـۆ بەدەسـتهێنانی مافەکانیـان.

خۆپیشـاندان دەبێـت بـە ئاشـکرا و ئـاگاداری هەمـوو خەڵـک ئەنجـام بدرێـت، هەروەهـا پێویسـتە خۆپیشـاندەران هەمـوو هاوئامانـج بـن (حسـن،٢٠١٨،٧٤)، خۆپیشـاندانیش دوو جـۆرە، جۆرێکیـان کۆبوونەوەیـە لـە جێگەیەکـدا، جۆرەکـەی دیکەیـان ڕێپێوانـە لـە شـوێنێکەوە بـۆ شـوێنێکی دیکـە دەچـن (حمـە دۆسـتان، ٢٠١٢،٥٢)، لـە نموونـەی خۆپیشـاندانیش وەک خۆپیشـاندانی چینییـەکان لـە سـاڵانی (١٩٠٨ – ١٩١٥ و ١٩١٩) لـە دژی داگیرکاریـی چـین وەسـتانەوە و بایکـۆتی بەرهەمـە ژاپۆنییەکانیشـیان کـرد (نعیـم،٢٠١٢،٥١)، چەنـدان خۆپیشـاندانی دیکـە لـە مێـژووی مرۆڤایەتیـدا هەبـووە بـە بەردەوامـی بەتایبـەت لـە سـەدەی نـوێ و هاوچەرخـدا.

دووەم/ مانگرتن:

یەکێکـی دیکەیـە لـە شـێوازەکانی خەبـاتی مـەدەنی، بریتییـە لـە چالاکیـی کەسـێک، یـان گرووپێـک لـە دژی دەسـەڵاتێکی سـیاسی، یـان حوکوومەتێـک و پێکهاتەیەکـی کۆمەڵگـە، چونکـە پێیـان وایـە مافیـان پێشـێل کـراوە، ئـەم جـۆرە لـە خەباتیـش بـە چەنـدان شـێوەی جیـاواز ئەنجـام دەدرێـت وەک مانگرتـن لـە خـواردن تاوەکـوو ئـەو مافـەی وەرگرێتـەوە کـە لێـی زەوت کـراوە، زۆر جـار ئـەو کەسـە مانگرتنەکـەی دەگاتـە ئاسـتی مردنیـش (عومـەر،أ،٢٠١٩،١٥). هەروەهـا (مانگرتـن لـە کار و مانگرتنـی مردن)یـش دوو جـۆری دیکـەی مانگرتنـن، خـۆ ئەگـەر کەسـێک لەبـەردەم ماڵێـک، یـان دەزگەیەکـی حوکوومـەت بەهـۆی مانگرتنـەوە بمردایـە ئـەو شـوێنە لێـی بەرپـرس بـوو، ئـەم جـۆرە لـە مانگرتـن زیاتـر لـە ئێرلەنـدا ئەنجـام دەدرا، کـە تەنانـەت دەگەڕێتـەوە بـۆ پێـش زایینیـش (مرکـز هـردوم لدعـم التعبیر الرقمی،٢٠١٧،٦). نموونـە لەسـەر ئـەم شـێوازە لـە خەبـاتی مـەدەنی زۆرە، لەوانـە مانگرتنـی کرێـکارانی پیشەسـازیی ئاوریشـم (حریـر) و ئاسـن لـە ویلایەتـە یەکگرتـووەکانی ئەمریـکا لـە سـاڵی (١٨٩٢) بـە گەورەتریـن و کۆنتریـن مانگرتـن دادەنرێـت کـە زیاتـر لـە (١٨) کـەس بوونـە قوربـانی، بـەڵام بەرهەمەکـەی ڕۆژی (١ی ئایـار)ی لـێ کەوتـەوە کـە بـوو بـە ڕۆژی کرێـکاران (مێرگەسـۆری،٢٠١١،٢٢).

هـەر لـەم چوارچێوەیـەدا مانگرتنـی زیندانییـانی سیاسـییە لـە بەریتانیـا کـە لەلایـەن ژنـە چالاکوانێکـی نـاو زینـدان بـە ناوی (ماریـان داڵـس وانـلاپ) دەسـتي پـێ کـرد، پاشـان ژنـانی ئـەم وڵاتـە یەکێتیـی ژنـانی سۆسـیال دیموکراتیـان دامەزرانـد، بـەڵام ناوبـراو لـە یەکێـک لـە چالاکییەکانیانـدا خـۆی و سـێ هاوڕێـی گیانیـان لەدەسـت دا (مرکزهـردو لدعـم التعبیر الرقمـی،٢٠١٧،٧)، نموونەکـی دیکـەی خەبـاتی مـەدەنی کـە خـۆی لـە شـێوازی مانگرتـن دەبینێتـەوە ئەوەیـە کـە لـە سـاڵی (١٨٤٩) (سـۆرۆ) لـەو کاتـەی کـە ویلایەتـە یەکگرتـووەکانی ئەمریـکا لـە شـەڕدا بـوو لـە دژی ڕەشپێسـتەکانی ئەمریـکا، ناوبـراو هـانی خەڵکـی دەدا، کـە بـاج نـەدەن بـۆ ئـەوەی ببێتـە فشـارێک بـۆ دەسـەڵات کـە دوور بکەوێتـەوە لـە بەکۆیلەکـردن و سـەرکوتکردنی هاووڵاتییـەکانی، چونکـە ناوبـراو پێـی وا بـوو ئـەم باجانـەی دەدرێـن بـە دەوڵـەت دەسـتباری حوکوومـەت دەکات تاوەکـوو خەڵکـی زیاتـر چەکـدار بـکات بـۆ دژایەتیکـردنی هاووڵاتییـەکانی خـۆی کـە ڕەشپێسـتەکان بـوون.

بـاسی یەکـەم: خەبـاتی مـەدەنی لـە شـاری سـلێمانی (١٩٤٥-١٩٤٨):

ئەوگۆڕانـکاری و ڕووداو وپێشـهاتانەی لـە مـاوەی نێوان سـاڵانی ١٩٤٥-١٩٥٨ لـە دۆخـی سیاسـیی عێـراق سـەریان هەڵـدا، ڕەنگدانـەوە و کاریگەریـی گەورەیـان بـۆ سـەر دۆخـی باشـووری کوردسـتان بـە گشـتی و شـاری سـلێمانی بـە تایبـەتی هەبـوو، وەک دەردەکەوێـت لـە مـاوەی ئامـاژە بۆکـراودا سیاسـەتی حوکوومەتـە یـەک لـە دوای یەکـەکانی عێـراق نـەوەک هـەر وەڵامدانـەوەی داخوازییـەکانی کـورد لـەم بەشـەی کوردسـتان نەبـوو، بەڵکـوو گەلێـک جـار سیاسـەتێکی سـەرکوتکەرانە بـووە بەرانبـەر هەمـوو ئەوانەی دەنگـی ناڕەزاییـان بـەرز کردووەتـەوە، یاخـود هاوئاڕاسـتەی بەرنامـەکانی حوکوومـەت نەڕۆیشـتوون. هـاوکات لـەم ماوەیـەدا ئاڕاسـتەی خەبـاتی سیاسی لـە باشـووری کوردسـتان بـە شـێوەیەکی گشـتی لـە دەرەوەی خەبـاتی چەکداریـی خـۆی دەبینێتـەوە و هیـچ جووڵەیـەک لـەم شـێوازە بـەدي ناکرێـت، هەمـوو ئەمانـە ڕێگەخۆشـکەر دەبـن بـۆ پەرەسـەندنی خەبـاتی مـەدەنی لـە کوردسـتان و بـە تایبـەت لـە شـاری سـلێمانیدا.

لـەم باسـەدا هـەوڵ دەدرێـت تیشـک بخرێتـە سـەر ئەنجامـدانی خەبـاتی مـەدەنی لـە شـاری سـلێمانی لـە مـاوەی (١٩٤٥-١٩٤٨)، کـە خـۆی لـەو خۆپیشـاندان و ناڕەزایەتییانـە بینیوەتـەوە کـە وەک کاردانەوەیـەک بەرانبـەر سیاسـەتەکانی حوکوومـەتی عێراقـی و زۆر جاریـش دژی سیاسـەتی موتەسـەریفی شـارەکە ئەنجـام دراوە، هـاوکات بەشـێکی ناڕەزایەتییـەکان لـە بەرانبـەر گۆڕانکارییـە دەرەکییـەکانی عێـراق ئەنجـام دراون، هـەر لـەم باسـەدا هـەوڵ دەدرێـت ئاماژە بـۆ سـەرجەم جـۆرەکانی خەبـاتی مـەدەنی بکرێت وەک (یادداشـت و خۆپیشـاندان و نامـە نووسـین و مانگرتـن)، شـایانی ئامـاژە بۆکردنـە لـەم ماوەیـەدا لەنـاو شـێوازەکانی خەبـاتی مـەدەنی لـە شـاری سـلێمانی، خەڵـک زیاتـر پەنـای بـۆ (خۆپیشـاندان و مانگرتـن) بـردووە بـەراورد لەگـەڵ شێوازەکانی دیکـەی ئـەم خەباتـە، دیـارە ئەمـەش بـۆ ئـەوە گەڕاوەتـەوە کـە ئـەم شـێوازە لـە خەبـاتی مـەدەنی واتـە: (خۆپیشـاندان و مانگرتـن) بووەتـە مۆدێلێکی بـاو لەناوچەکە بـە گشـتی، ئەمـەش ڕەنگدانـەوەی بەسـەر شـاری سـلێمانیدا هەبـووە، هۆکارێکـی دیکـەشی بـۆ ئـەوە گەڕاوەتـەوە خەبـاتی چەکداری لـەم ماوەیەدا نییـە، جووڵانەوەکانی شـێخ مەحمود لـە ١٩١٨-١٩٤١، جووڵانـەوەکانی پـارتی هیـوا و بارزانییـەکان لـە ١٩٤٢-١٩٤٥،، وێـرای شـۆڕشی ئاگریـداغ، جووڵانـەوەی سـمکۆ، کۆمـار مەهابـاد، هەمـوو ئەمانـە دەرخـەری ئـەو ڕاسـتییە بـوون کـە چەکداری کـورد ناگەیەنێـت بـە ئامانـج، چونکـە کـوردەکان هێـزی چەکدارییـان بارتەقـای دەوڵەتـە مۆدێرنـەکان نەبـوو..

وەک بـاس کـرا، خۆپیشـاندان و ناڕەزایـەتی لـە شـاری سـلێمانیدا بـە ڕێژەیەکـی بەرچـاو ئەنجـام دراوە، ئەوەتـا لـە چاوپێکەتنـی توێـژەر لەگـەڵ هەریـەک لـە: (تۆفیـق[١]، بەرزنجـی[٢]، بابەعـەلی[٣]، مەحـوی[٤]، فخـری[٥] وعـارف[٦]) دا، ئـەوەی بـۆ ڕوون بـووەوە هەرکاتێـک بڕیارێـک بدرایـە و دژی خەڵکـی بووایـە، یـان کێشـەیەک بـۆ خەڵـک بهاتایەتـە پێشـەوە لەلایـەن حوکوومەتـەوە، یان هەرشـتێک دژی خەڵک بکرایـە، بـە مانگرتنـی بـازاڕ و خۆپیشـاندان و دەربڕینـی ناڕەزایـەتی لەلایـەن خەڵکـی ئـەم شـارەوە وەڵام دەدرایـەوە (تشرینـی یەکەمـی٢٠٢٢)، تەنانـەت خۆپیشـاندانەکان زۆر بـە ڕێکوپێکـی ئەنجـام دەدران، چونکـە کەسـانی ڕۆشـنبیر و زۆر جاریـش قوتابییـانی ناوەندیـی کـوڕان سەرپەرسـتییان دەکـردن (مەحـوی، فەخـری، تشرینـی یەکەمـی ٢٠٢٢).

سـەرباری ئـەوەی وەک ئاماژەی بـۆ کـرا، لەنـاو شـێوازەکانی خەبـاتی مـەدەنی لە شـاری سـلێمانی (خۆپیشـاندان) پشـکی شـێری بەرکەوتـووە، بـەڵام سـەرەتا و دەسـپێکی خەبـاتی مـەدەنی لـەم قۆناغـە مێژووییـە بـە بەرزکردنـەوەی یادداشـتێک دەسـت پـێ دەکات کـە لـە لایـەن ژمارەیـەک لـە ڕۆشـنبیر و کەسـایەتیی سـلێمانی بـۆ چەنـد وڵاتێکـی زلهێـزی جیهـان وەک (ئەمریـکا، بەریتانیـا، یەکێتـی سـۆڤیەت، فەڕەنسـا و چـین) نێـردراوە و داوای دۆزینـەوەی ڕێگەچارەیەکیـان لـێ کـراوە بـۆ کێشـەی کـورد، بـە تایبـەت بـاس لـە ڕێگەگرتـن لـەو کوشـتار و خراپەکارییـە دەکـەن کـە لەلایـەن هەریـەک لـە وڵاتـانی عێـراق، ئێـران و تورکیـاوە بەرانبـەر بـە کـورد دەکرێـت، ئەمـەش دەقـی ئـەو داواکارییەیـە کـە لەلایـەن بەرپـرسی کاتی لەبەغـداد بەناوی(ولیـەم مۆرلانـد)، بـەرز کراوەتـەوە بـۆ: کۆمسـیۆنی ئەمریکـی: بەغـداد، ١٢/ ئۆکتۆبـەر/١٩٤٥:

"ناڕەزایینامەیـەک لەلایـەن بیسـت و هەشـت نـاوداری کـوردی ناوچـەی سـلێمانییەوە، بـۆ نوێنـەرانی ویلایەتـە یەکگرتـووەکان، بەریتانیـا، یەکێتیـی سـۆڤیەت، چـین و فەڕەنسـا لـەب ەغـدا نێـردراوە.

بەڕێز جەنابی وەزیری دەرەوە، واشنتۆن دی.سی:

ئـەم ناڕەزاینامەتـان بـۆ دەنێریـن کـە تیایـدا هاتـووە: حوکوومەتـەکانی عێـراق و ئێـران بـە پشـتگیریی حوکوومـەتی دیکتاتۆریـی تورکیـا، میللـەتی کـوردی ئاشـتیخواز، کۆمەڵکـوژ دەکـەن، تکاتـان لێدەکەیـن کۆمسـیۆنێکی نێودەوڵـەتی پێکبێـت بـۆ لێکۆڵینـەوە لـە هـۆکارەکانی ئەم زوڵم و ستەمانە و گـوێ لـە کێشـە و گرفتـی گـەلی کـورد بگیرێت"،هەروەهـا بەشـێکی دیکـەی نامەکـەدا ئـەوەی خسـتووەتە ڕوو بـۆ ئـەو وڵاتانـەی ئـەم داواکاریانەیـان بـۆ نێـردراوە و ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکات، کـە بەڵـێ ئـەوەی بیسـتومانە و نوێنەرەکانمـان لـەکاتی سـەردانیکردنی شـاری سـلێمانیدا ناڕەزایەتییەکـی زۆر لـەو شـارەدا هەیـە، کـە هۆکارەکـەی سیاسـەتی خراپـی حوکوومـەتی عێراقییـە بەرانبەریـان، کـە خەڵکێکـی زۆری ئـەم شـارەیان گرتـووە لـە دوای دادگایکردنێکـی سـەرپێیی

لە زیندانەكانیان كردوون (ئەندروس،٢٠٠٩، ٧٨-٨٠).

خەباتی مەدەنی لەگەڵ ئەوەی لەڕووی شوێنەوە تاوەكوو ڕادەیەكی زۆر پێوەستە بە شار و چالاكییەكی جەماوەرییە، بەڵام بۆ سەركەوتن و بەدەستهێنانی ئامانجەكان، پێویستی بە سەركردایەتیكردنی جووڵە و چالاكییەكان هەیە، لە مێژووی ئەو خەباتە بەردەوام كەسایەتییەك، یان پارتێك ڕێبەرایەتی چالاكییەكانی كردووە، لە شاری سلێمانییش دوو پارتی سیاسی زیاتر ڕۆڵیان لەڕێبەرایەتیكردنی چالاكییەكان هەبووە، ئەوانیش (لقی حیزبی شیوعی عێراقی لە سلێمانی[٧]) و (پارتی دیموكراتی كورد[٨]) بوون.

لە ڕاستیدا حیزبی شیوعی لە زۆربەی ئەو خۆپیشاندانانەی لەم ماوەیەدا كراون بەشدار بوون، لەم ڕووانگەیەوە (یامولكی[٩]) ئاماژەی بۆ ئەوە كرد كە لە (٢١ی ئاداری ١٩٤٧)دا خۆپیشاندانێكی گەورە لە شاری سلێمانی ئەنجام درا، خەڵكی لە گەڕەكی گۆیژەوە بەرەو سەرا دەڕۆیشتن، یەكەم شت ئەم دروشمەیان هەڵگرتبوو (بژی برایەتی كورد و عەرەب)، هەروەها دروشمی (بڕووخێ پەیمانی بەریتانی-عێراقی) هەروەها دروشمی (بڕووخێ داگیركەر) كە زیاد لە كاتژمێرێكی خایاند، لە درێژەی باسەكەیدا ئاماژەی بۆ ئەوە كرد لەم خۆپیشاندانەدا كوڕێك بەناوی (مستەفا مەحموود) هات بۆ لام و گوتی: زۆرم پێ خۆش بوو بەشداربووی وتم بۆ ئێوە كێن؟ وتی: ئێمە حیزبی (تەحەڕووڕ)ین كە مۆڵەتمان پێ نەدراوە، چونكە دەیانزانی شیوعین، ئیتر من لەوەوە دوای خوێندنەوەیەكی وردی پێڕەو و پرۆگرامییان بووم بەئەندام لە تەحەڕووڕدا، بەرنامەكەیان دژی داگیركەر و لابردنی زوڵم و بەدەستهێنانی ئازادی بوو (تشرینی دووەمی٢٠٢١)، لە ڕاستیدا ئەم زانیارییە ئەوەمان بۆ دەخاتە ڕوو كە تەحەڕووڕ ڕۆڵی سەرەكییان بینیوە. ئەگەرچی ئەم لقەی حیزبیش لە شاری سلێمانی جیاوازی كەوتە نێوانیانەوە بەتایبەت لەنێوان (بەهادین نووری و شێخ بابە علی)و (ئەكرەم یامولكی)(كەریم،٢٠١٢،٦١)، ئەكرەم یامولكی لەم بارەیەوە ئاماژە بۆ ئەوە كرد: بڵاوكراوەیەكمان دەركرد بەناوی (النجمة)، دواتریش هەر بە ناوی (جماعة النجمة)وە ناومان دەركرد(تشرینی دووەمی٢٠٢١)، بەڵام لەگەڵ ئەو جیاوازییەشدا ڕۆڵی ئەم حیزبە كەم نەبووە لە چالاكییەكانیاندا چونكە ئەوان، یان ڕێكخەری خۆپیشاندانەكان بوون، یان بەشداری سەرەكی خۆپیشاندانەكان بوون، هەر وەك لەمەودوا دەبینرێت.

لەمەیدانی هەوڵ و سەركردایەتیكردنی پێڕەوانی خەباتی مەدەنی لە شاری سلێمانی پارتی دیموكراتی كورد شانبەشانی تەحەڕووڕ ڕۆڵی كاریگەریان بینیوە، بە تایبەت كە لەو ماوەیەدا پێوەندیی نێوان ئەو دوو پارتە وەك لەچاوپێكەوتنێكماندا لەگەڵ چەند كەسێك كە لەناو ئەو ڕووداوانەدا ژیاون، ئاماژەیان بەوە كرد: كە ئەم دوو پارتە وەك دوو پارتی كاریگەر لە شارەكە ڕۆڵیان بینیوە لەئاڕاستەی ڕووداوەكان، ئەگەرچی لەسەرەتادا شیوعی كاریگەرتربووە، چونكە پارتی دیموكراتی كورد پارتێكی نوێ بووە، بەڵام لەلایەك بەهۆی باشی پێوەندیی نێوانیان هەتا كۆتایی ڕژێمی پاشایەتییش كە بەو شێوەیە ماوەتەوە، لەلایەكی دیكە چونكە هەردوو پارتەكە دروشمی دژی داگیركەر و سیاسەتی خراپی حوكوومەت و موتەسەریف بووە، بۆیە شانبەشانی یەكتر ڕۆڵی كاریگەریان بینیوە (فەخری، عەبەسور[١٠]، تۆفیق، تشرینی یەكەمی ٢٠٢٢).

پەرەسەندنی خەباتی مەدەنی لە شاری سلێمانی لە قۆناغی دیاریكراودا تەنیا ئاڕاستەی سیاسی وەرنەگرتووە، بەڵكوو هەندێك جار ئەم شێوازە لە خەبات لە پێناو چارەسەركردنی كێشەوگرفتە چینایەتییەكانیش ئەنجام دراوە، ئەوەتا كاتێك جووتیارانی عەربەت لە ساڵانی١٩٤٧-١٩٤٨ڕووبەڕووی زوڵم و ستەمی خاوەنموڵك و دەرەبەگەكان بووبوونەوە، دانیشتوانی شاری سلێمانی وەك پشتیوانی لەمافی جووتیارەكان خۆپیشاندانێكی مەدەنیانەیان ئەنجامدا. سەرچاوەكان ئاماژەیان بۆ ئەوە كردووە لەو كاتەدا ناڕەزایەتیی جووتیارانی عەربەت تاقانە بووە، چونكە سەرباری ئەو زوڵمەی لە جووتیاران كراوە لەهیچ شوێنێك جموجووڵێك سەریهەڵنەداوە(كەریم،٢٠١٢،١٣٧)، (شێخ لەتیفی كوڕی شێخ مەحمود) باجێكی زۆرو جۆراوجۆری لەسەر جووتیارانی عەربەت دانابوو، جگە لەوەی بێگاریشی پێ دەكردن (بطاطو، ١٩٩٢،٢٧١؛ یامولكی، تشرینی دووەمی٢٠٢١)، هەربۆیە لە

شاری سلێمانی خۆپیشاندان ئەنجام دراوە بۆ پشتیوانیکردنیان، تەنانەت ئەم خۆپیشاندانەی شاری سلێمانی بووە هۆی ئەوەی لەلایەن پیاوانی (شێخ لەتیفی کوڕی شێخ مەحمود)ەوە ڕووبەڕوویان ببنەوە و تەقەیان لێبکرێت، نووسەرێک باسی ئەوەی کردووە کە: "لە سەردەمی عوسمانییەکاندا زۆربەی خاکی عەربەت وەقفی تەکییەی قادری بووە، بەڵام شێخ لەتیفی کوڕی شێخ مەحمود داوای سێیەکی بەرهەمی لێ دەکردن، تەنانەت بێگاریشی پێ دەکردن"(ماکداول،٢٠٠٥،٤٨٨)، ئەمە جگە لەوەی باجێکی زۆریشی لە جووتیاران وەردەگرت وەک باجی هاوسەرگیری و باجی پوشانە، ئەم چەوساندنەوە و بێگارییەی بەخەڵکی جووتیار دەکرا وایکرد لە ساڵی ١٩٤٧ دا بەهاوکاری پشتیوانی لقی سلێمانی حیزبی شیوعی ڕاپەڕین و نارەزایەتی بەرپابکەن، پاشان خەڵکی پشتیوانی داواکارییەکانیان دەکەن و خۆپیشاندان بەو بۆنەیەوە دروستدەبێت و بەتایبەت کە پیاوەکانی شێخ لەتیف لەیەک شەودا ٣٨ خەرمانی عەربەتییەکان دەسوتێنن(مەنگوڕ،٢٠٠٣،٧٣)، تەنانەت ئاویشی لە جووتیارەکان بڕیوە(بطاطۆ،١٩٩٢، ٢٧١- ٢٧٢)، هەر وەک(یامولکی)ئاماژەی بۆکرد: "پیاوانی شێخ لەتیف هاتن لە مزگەوتی گەورەوە دەوریان گرتین و لەناو حەرەمی مزگەوتەکەدا کۆنترۆڵی بارودۆخەکەیان کرد و بڵاوەیان بە خۆپیشاندانەکە کرد، تەنانەت بۆ ماوەی دوو ڕۆژ شار خامۆش بووبوو، خەڵکی زۆر کەم دەچوونە دەرەوە، بەڵام دوای دوو ڕۆژ بارودۆخەکە ئاسایی بووەوە بەدەست وەردانی حوکومەت لە بارودۆخەکە" (تشرینی دووەمی٢٠٢١)،بەڵام ئەم ڕاپەڕینە بەجۆرێک بوو لە شارەکانی دیکەی عێراقیش وەک بەسرە و کەربەلا یەک لەو دروشمانەی خۆپیشاندەران بەرزیان کردبووەوە مافی جووتیارانی عەربەت بوو(کەریم، ١٣٨،٢٠١٢).

لە ڕاستیدا بۆ یەکەم جار لە بزوتنەوەی عەربەتدا بە شێوەیەکی ڕێکخراو دروشمی خەباتی دژ بەچەوساندنەوەی دەرەبەگییان هەڵگرتبوو، ڕاکێشانی لادێ لەلایەن شارەوە لەڕووی سیاسییەوە لە ڕووداوەکانی عەربەتدا لەوەدا دەبینرێت کە جووتیارانی ناوچەکە لەکاتی بزوتنەوەکەدا جگە لەداخوازی ئابووری و ئەو نادادیەی بەرانبەرییان دەکرا، دروشمی سیاسیشیان هەڵگرتبوو وەک لابردنی پەیمانی حوزەیرانی ١٩٣٠و نەبەستنی هیچ پەیمانێکی دیکە لەگەڵ وڵاتە ئیمپریالییەکان و کشانەوەی دوا سەربازی بێگانە لەخاکی نیشتمان، هەروەها ئازادکردنی بەندییە سیاسییەکان و چەند داخوازییەکی دیکە، (٥٠٠)جووتیاری عەربەت ئەم داخوازیەیان کردە بروسکەیەک و بەرزیان کردەوە بۆ کاربەدەستانی بەغداد و ڕۆژنامەکانی پایتەخت(ئەحمەد،ب١، ٢٢٣،١٩٨٥)، ئەو نارەزایەتیانەی لە شاری سلێمانی بەڕێوەچوون کاریگەری کردبووە سەر شارەکانی دیکەی عێراقیش(مەنگوڕ،٢٠٠٣،٧٣)، لە ڕاستیدا ئەمانە هەمووی جۆرێکن لە خەباتێکی مەدەنی، کەتاوەکوو ئەو کاتەش ئەم جۆرە لە خەبات بەتایبەت لەناو جووتیاران و هەژاراندا نەبووە، جا لەبەر مەترسییان بووبێت بۆ نانبڕینیان لەلایەن دەرەبەگەوە، یان ئەو هۆشیارییەیان نەبووبێت. هەربۆیە ڕۆڵی حیزبی شیوعی ڕۆڵێکی کاریگەر بوو، چونکە تاوەکوو ئەوکاتە کەس نەبووە ڕووبەڕووی ئاغا و دەرەبەگ بووەستێتەوە.

تەحەڕووڕ ڕۆڵی کاریگەریان بینیوە لە جووڵاندنی خۆپیشاندەرانی شاری سلێمانی بۆ پشتگیرکردنی جووتیارانی عەربەت، تەنانەت ڕابەرایەتی جووتیارانیان کردووە لە بزوتنەوەکەیاندا دژی شێخ و دەسەڵاتی دەرەبەگ (ماکداول،٢٠٠٥، ٤٨٨-٤٨٩)، تەنانەت چەندان سکاڵا و بروسکەیان بۆ لایەنی پێوەندیدار ناردووە و کاریان لەسەر گەیاندنی دەنگی ناڕازی جووتیاران کردووە(کەریم، ١٣٧،٢٠١٢). واتە تەحەڕووڕ ڕۆڵی بەرچاو سەرکردایەتیشیان بینیوە لە ڕووداو پێشهاتەکانی شارەکەدا.

کاتێکیش مانگرتنی گاورباغی لە شاری کەرکوک سەریهەڵدا بۆ پشتیوانیکردن لەداوای مانگرتوان سەرجەم چین و توێژەکانی ناو شاری سلێمانی خۆپیشاندانی گەورەیان ئەنجامدا، جگە لە خۆپیشاندانەکە پیتاکیش لەلایەن دوکاندار و خاوەن پیشەکانی بازاڕەوە بۆ مانگرتوانی گاورباغی کۆکرایەوە، ئەمەش وەک هاوسۆزییەک بوو، بە شێوەیەکی مەدەنیانە بۆ کرێکارانی شاری کەرکوک(قادر،٢٠٠٥،٢٢٧)، لەم خۆپیشاندانەدا تەحەڕووڕ دەورێکی کاریگەرییان بینیوە لە بەشداریکردنی خۆپیشاندان و پشتیوانیکردنی ڕووداوەکەی گاورباغی، (غەفوری میرزا کەریم) ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە: لەگەڵ نوێنەری کرێکارانی کەرکوک هاتۆتە شاری سلێمانی و

چوونەتـە نـاو بـازاڕوو پاشـان دەڵێـت: "هەرئەوەمـان پـێ کـرا کـە باربوویـەک کۆبکەینـەوە بەبڕی(٨٠دینـار)، پاشـان جۆرێـک لـە گردبوونـەوەش بـەو بۆنەیـەوە کـرا"(٦٧،٢٠٠١).

جووڵەیەکـی دیکـەی مەدەنیانـەی دانیشـتوانی شـاری سـلێمانی لـەم قۆناغـەدا، ئـەم نارەزایەتییـە بـوو کـە بـۆ بڕیـاری لەسـێدارەدانی چـوار ئەفسـەرە کوردەکـە ئەنجـام درا، بۆئـەم مەبەسـتە لەهەمـوو لایەکـەوە دەنـگ بـۆ ڕزگاربوونیـان لەپـەتی سـێدارە بەرزبـووەوە، لەوانـە ژمارەیـەک لەگـەورە پیـاوان وەک(ئەمـین زەکـی و تۆفیـق وەهبـی و بابەعـلی و عـلی کـمال) بروسـکە و نامـەی نارەزاییـان بەرزکـردەوە و داوایـان لـە وەزارەتەکـەی (سـاڵح جەبر)کـرد کـە سـزاکەیان بگۆڕدرێت(ئەحمـەد،ب٢، ٤٠١،٢٠٠١؛خورشـید، ١٧،١٩٩٦)، بـەڵام هەمـوو ئـەو هەوڵانـەی نەیانتـوانی بڕیـاری لـە سـێدارەدانەکە بگۆڕن(ڕەسـوڵ، ١٢،٢٠٠٦)، هەرچۆنێـک بێـت ڕۆژێـک پێـش لەسـێدارەدانەکە داوایـان لـە کـەس و کاری چـوار ئەفسـەرەکە کـرد تاوەکـوو بـەر لەسـێدارەدانەکە چاویـان پێبکـەون، بڵاوبوونـەوەی ئـەم هەواڵـە لـە شـاری سـلێمانی بـووە هـۆی خرۆشـانی شـەقامەکانی شـاری سـلێمانی، هەربۆیـە ژمارەیەکـی زۆر لـەلاوان و قوتابیـان و خەڵکـی شـارەکە هاتنـە سـەر شـەقامەکانی شـاری سـلێمانی و خۆپیشـاندانێکی گەورەیـان ئەنجامدا(مەحـوی، فەخـری، تشرینـی یەکەمـی ٢٠٢٢)، خۆپیشـاندەران ڕۆشـتن بـۆ بـەردەم ماڵـی موتەسـەریفی سـلێمانی، تاوەکـوو نیوەشـەو واتـە بـۆ مـاوەی چەنـد کاتژمێرێـک ماڵـی موتەسـەریفیان گەمـارۆدا، لەخۆپیشـاندانەکەدا بـە دروشـمی" گـەل ئـەم وەزارەتـە خائینـەی نـاوێ"، و داوای هەڵوەشـاندنەوەی فەرمـانی لەسێدارەدانی چـوار ئەفسـەرەکەیان دەکـرد، تـوڕەیـی و نارەزایـەتی خۆیـان بەرانبـەر بـەم بڕیـارە دەربـڕی، هەربۆیـە موتەسـەریف دڵنیاکردنـەوە کـە بەڵێنـی ئـەوەی پـێ دراوە کـە لـە سـێدارە نەدرێـن (ڕەسـول،١٢:٢٠٠٦)، بـەڵام بـۆ بەرەبەیـانی ڕۆژی دواتـر لەسـێدارە دران، تەرمـی (قـودسی) کـە خەڵکـی سـلێمانی بـووە و (خۆشـناو) زاوای سـلێمانی بـووە و دانیشـتوی سـلێمانی بـووە، گەڕێندرانـەوە بـۆ شـارەکە (ڕەسـوڵ، ١٢،٢٠٠٦؛ خورشـید،١٧،١٩٩٦)، دانیشـتوانی سـلێمانی بەیەکجـار خرۆشـان و خۆپیشـاندانێکی گـەورە ڕوویـدا و کابینەکەی(سـاڵح جەبـر) ئەوەنـدەی دیکـە لەبـەر چـاوی خەڵکـی ڕەش بـوو (ئەحمـەد،ب٢، ٤٠٢،٢٠٠١). ئـەم خۆپیشـاندان و نارەزایەتییـە لـە ڕۆژنامـەی International (herald tribune) کـە لـە ڕۆژی ٢٤ی حوزەیـرانی ١٩٤٧ لـە پاریـس بـە بەریتانیـای چـاپ و بڵاو کراوەتـەوە، لەژێـر ناونیشـانی " کـوردان پرۆتێسـتۆی ئیعدامکردنـەکان دەکـەن" دەنووسێت: " بەغـداد، ٢٣ی حوزەیرانی(ئـەی پـی) ئەمـڕۆ هەزارەهـا کـوردی سـلێمانی و گونـدەکانی دەوروبـەری خۆپیشـاندانیان کـرد لـە دژی ئیعدامکـردنی نـۆزدە کـوردی شـوێنکەوتەی مـەلا مستەفا سـەرۆکی یاخیبوونـەکان، هەروەهـا چوار ئەفسـەریش کـە پێشـتر لەسوپای عێراقـی هەڵاتبـوون بـۆ ئـەوەی شـوێن بـارزانی بکـەن، هەفتـەی ڕابـردوو ئیعـدام کران"(سەردەشـتی،١٠٣،٢٠٢٢)، لەهەمـان ڕۆژی لەسـێدارەدانەکەدا کـە(١٩ی حوزەیـرانی ١٩٤٧) بـوو بـە ئاپۆڕایەکـی گـەورەی خۆپیشـاندان تەرمەکەیـان بـەرەو گۆڕسـتانی سـەیوان برد(حمیـدی،٢٣١،١٩٧٦؛ تاڵەبـانی،٨،١٩٩٨؛ بابـان،ب١-٢، ٣١٩،٢٠١٢؛ تۆفیـق، تشرینـی یەکەمـی٢٠٢٢)، لـە مەراسـیمی ناشـتنەکەدا لـە گۆڕسـتانی سـەیوان لـە شـاری سلێمانی(شـێخ لەتیفـی کـوڕی شـێخ مەحمـود) وتـاری نارەزایـەتی بەرانبـەر بـەو کارە دڕندانـەی حوکوومـەتی عێراقـی خوێنـدەوە و ئیدانـەی کـرد (کەریـم،١٣٤،٢٠١٢).

تەحـەڕووڕ لەوخۆپیشـاندانەدا بەشـداری کارایـان کرد(عومـەر،ب،١٦٩،٢٠١٩)، هەرسـەبارەت بـە ڕۆڵـی ئـەوان (غەفـوری مـیرزا کەریـم) ئامـاژەی بـۆ ئـەوە کـردووە: کـە خـۆی و چەنـد کەسـێکی دیکـە لـە شـیوعییەکان بەشـداری کارای ئـەو خۆپیشـاندان و ڕێپێوانەیـان کـردووە کـە بـۆ ماڵـی موتەسـەریفی سـلێمانی ئەنجامیانـدا، تەنانـەت بەڵێنیـان لـە موتەسـەریف وەرگرتـووە بروسـکەکەیان بگەیەنێتـە لایـەنی عێراقـی، پاشـان ئامـاژەی بـۆ ئـەوە کـردووە: داوامـان لەخەڵـک کـردووە بـۆ بەیـانی مانگرتـن ڕادەگەیەنـین، بـەڵام کـە بـۆ بەیـانی تەرمەکانیـان هاتـەوە ئیـتر کردمـان بەخۆپیشـاندانێکی گـەورە دژی ئـەو سـتەمە گەورەیـە بەرانبـەر بـەو ئەفسـەرانە کـراوە، چونکـە ئـەوان خۆیـان تەسـلیم کردبـووەوە، ئینجـا بەدروشـمەکان:" ئـەم پاڵەوانانـە بەبڕیـاری داگیرکـەر لەسـێدارەدران، بڕووخـێ داگیرکـەر، بـژی برایـەتی کـورد و عـەرەب"(٤٣،٢٠٠٠)، هـاوکات ڕۆڵـی پـارتی دیموکـراتی کـورد لـەم خۆپیشـاندانەدا ڕۆڵێکـی کاریگەربـووە، لەگـەڵ تەحـەڕووڕ لـە شـاری سـلێمانی ڕایانگەیانـد ئەگـەر حوکوومـەتی عێراقـی لەبڕیـاری لەسـێدارەدانی چـوار

ئەفسەرەکە پاشگەز نەبێتەوە، ئەوا مانگرتنی گشتی لە شاری سلێمانی ڕادەگەیەنین، ئەم هەواڵەش لەمانگەکانی(نیسان و مایسی ١٩٤٧)دا ئەنجام دراون (مستەفا،ب١، ٢٠١٨، ٢٤٢-٢٤٣)، وەک لەچاوپێکەوتنێکدا(مەحوی)ئاماژەی بۆ ئەوە کرد: تەنانەت ڕۆژێک پێش لەسێدارەدانیان پارتی و تەحەڕووڕ ڕۆڵی کارایان گێڕا بۆ ئەنجامدانی خۆپیشاندان بۆ ئەوەی بڕیاری لەسێدارەدانەکە هەڵبووەشێندرێتەوە، واتە پارتی و تەحەڕووڕ ڕۆڵی کارایان بینیوە، تەنانەت بیرمە کەسێکی پارتی بەناوی(عارف قەرەچەتانی)سەرپەرشتی خۆپیشاندانەکەی دەکرد و خەڵکی هاواریان دەکرد: "ئەمڕۆ ڕۆژی ماتەمە... دڵی عالەم پڕ لەغەمە"(تشرینی یەکەمی٢٠٢٢)، کاتێکیش هەواڵی لەسێدارەدانەکە بڵاو بووەوە پارتی کەخۆی بەخاوەنیان دەزانی ئامادەکاری کرد بۆ ئەنجامدانی خۆپیشاندا دژی ئەو کارە دڕندانەیە، هاوکاربوون بۆ پێشوازییەکی گەرم لەتەرمەکانیان، بەهوتاف کێشان دژی داگیرکەر و بڕیاری نابەجێی حوکوومەتی عێراقی، بەم شێوەیە خەباتی کوردایەتی زیاتر گەشەی کرد و خەبات چووە ناوشەقامەکانی شاری سلێمانییەوە (تاڵەبانی،١٩٩٨، ٧-٨)، لەکاتی ناشتنی تەرمەکاندا(برایم ئەحمەد) لە گۆڕستان وتارێکی خوێندەوە، جەختی لەسەر ئەو پرەنسیبە پیرۆزانە کردەوە، کە چوار ئەفسەرەکە لەسەری شەهید کراون و بەڵێنیدا بەردەوامی بە پرەنسیبە نەتەوەییەکان بدەن(کەریم،٢٠٠٠،٤٣)، هەرلەو کاتەدا پارتی بەیاننامەیەکییان بڵاوکردەوە و سەرکۆنەی ئەو کارە دڕندانەیان کرد(الحفو و البووتاني، ٢٠٠٥،٨٩)، تەنانەت بەهۆی بەشدارییەکی کاریگەرانەی ئەندامانی پارت لەلایەن حوکوومەتی عێراقییەوە(برایم ئەحمەد)یان دەستگیر کرد و سزای(١٠)ساڵ زیندانییان بەسەردا دا(الحفو و البووتاني، ٢٠٠٥،٩١). کەواتە پارتی ئەم جەماوەرەی جووڵاند. هەر یەک لە پارتی و شیوعی دەیانویست خۆیان دەربخەن. لەهەمان کاتیشدا خەباتی مەدەنی بەبێ ڕێکخستن نابێت. پێویستە گرووپێک هەبن کە ڕێکخەر بن.

ئەم خۆپیشاندانە گەورەیەی شاری سلێمانی نیشانەیەکی دیکەی پەرەسەندنی کوردایەتی و خەباتی ناو شەقامەکان بوو کە پاشان لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٤٨ بە چاکتر خۆی نواند، شاعیرانی وەکو(فایەق بێ کەس و پیرەمێرد) بەشیعرەکانیان داخی دڵی کوردیان بە داگیرکەران ڕشت(تاڵەبانی،١٩٩٨،٨). لە ڕاستیدا ئەم شێوازە لە خەباتی مەدەنی زیاتر خۆی لە خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی دەربرین بوو لەسیاسەتی حوکوومەتی عێراقی بەرانبەر بە کورد، جگەلە پێشاندانی هەڵوێستی کورد کە تەواو نیگەرانە لە مامەڵەی کاربەدەستانی عێراقی، ئەنجامێکی لێنەکەوتەوە کە ببێتە هۆکاری گۆڕانکاری لەسیاسەتی دەوڵەت.

کاتێک بارزانییەکان لەدوای ئەوەی کە لەسەرەتای ساڵی ١٩٤٧ لە کۆماری کوردستان گەڕانەوە بۆ کوردستان، دوورخرانەوە بۆ باشووری عێراق و دەستبەسەر کران، هەربۆیە لەگرنگترین ئەو داواکارییانەش کە لەلایەن خەڵکی شاری سلێمانییەوە نێردراون بۆ پشتگیری و ڕزگارکردنی بارزانییەکان وەک ڕۆژی ١٨ی ئاداری ١٩٤٨ ڕۆژنامەکانی پایتەخت بەجارێک ئەو تەلەگرافانەیان بڵاوکردەوە کە لە لیوا کوردنشینەکانەوە نێردراون بەتایبەت(الاخبار والزمان) ئەو تەلەگرافانەی لیوای سلێمانییان بڵاوکردووەتەوە، داوای لێبووردنی گشتی بۆ بارزانییەکان دەکەن و نووسیویانە وازیان لێبێنن با لە شوێنی خۆیان نیشتەجێ بن، هەروەها ڕۆژنامەی(السیاسة) لەهەمان ڕۆژدا، لەژێر ناونیشانی بۆ بارزانییەکان لێبووردنی گشتی دەخوازرێ تەلەگرافێکی لە سلێمانییەوە بە واژۆی (٥٣) گەورە و مەلا و شێخ و بەگ و بازرگان و ئاغایانی کوردی سلێمانییەوە لێدراوە ئەمەیە: لێبووردنی گشتی بۆ کوردەکانی بارزان دەربکرێت، هەرلەهەمان ڕۆژ داوایەکی دیکە لە شاری سلێمانییەوە بۆ هەمان مەبەست و هەمان داواکاری بە واژۆی(٦٢) کەسایەتی و ناسراو ڕۆشنبیر و گەورە پیاوانی سلێمانی نێردراوە بۆ حوکوومەتی عێراقی (موکریانی،١٩٩٩، ٥٢-٥٣).

لە درێژەی چالاکییە مەدەنییەکانی شاری سلێمانی لەم قۆناغەدا، کاردانەوەی دانیشتوانی شارەکە بوو بۆ ئەو سزایەی بەسەرشێخ ئەحمەدی بارزانی و ئەو کوردانەی لەگەڵیدابوون سەپێندرا، ئەمەش دوای ئەوەی حوکوومەتی عێراقی سیاسەتێکی خراپی بەرانبەر بەکارهێنا کە جگە لە زیندانیکردنیان پەرش و بڵاویکردن، ئەوەی لێرەدا جێی ئاماژە بۆ کردنە ئەم سیاسەتەی حوکوومەتی عێراقی بەرانبەریان ئەنجام درا، لە شاری سلێمانی بێ کاردانەوە تێنەپەڕی، بەڵکوو بە شێوەی ڕێپێوان و سکاڵانووسین بۆ لایەنی پێوەندیدار کە

حوکوومـەتی عێراقـی بـوو ناڕەزایـەتی دەربـڕا، بەتایبـەت لـە ڕۆژی(٢١ی نیسـانی ١٩٤٨)دا کەڕێپێوانێکـی بەرفرەوانیـان بـە شـێوەی خۆپیشـاندانێکی گـەورە ئەنجامـدا، داوایـان دەکـرد حوکوومـەت بـەدەم داواکارییەکانیانـەوە بچێـت کـە بریتـی بـوون: لەدابینکـردنی خـواردن و ئازوقـە بـۆ بارزانییـەکان و لابـردنی فەرمـانی درێژکردنـەوەی بەندکردنیـان، تەنانـەت داوای ئەوەیـان دەکـرد لێبـووردنی گشـتییان بـۆ دەربکرێـت، هەرلـەم چوارچێوەیـەدا لـە(١ی ئایـاری ١٩٤٨)دا قوتابیانـی کـوڕ و کـچ لـە سـلێمانی بڕیاریانـدا نەچنـە هۆڵـەکانی خوێنـدن وەک ناڕەزایەتییـەک بەرانبـەر ئـەو سیاسـەتە (نزار(مجلـة)،ع:٤، ١٥مایـسی١٩٤٨).

پەیماننامەی(پۆرتسـۆس١٩٤٨)کە لەنێـوان بەریتانیـا و عێـراق لەبەنـدەری پۆرتسـمۆس لـە ئینگلتـەرا مۆرکـرا، یەکێـک بـوو لـەو ڕووداوانـەی کـە ناڕەزایەتییەکـی گـەورەی لەشـەقامی عێراقـی دروسـتکرد بەتایبـەت لـەدوای مۆرکـردنی پەیماننامەکـە و بڵاوبوونـەوەی ئەوهەواڵـە لـە ڕێگەی ئێسـگە و ڕادیـۆی لەنـدەن، تـەواوی شـەقام و گۆڕەپانـەکان بوونـە شـوێنی خۆپیشـاندان و کۆبوونـەوەی خەڵـک و ئەنجامـدانی ڕاپەڕیـن لـە دژی پەیماننامـە و بەنـدەکانی، هەروەهـا کـوردەکانی شـاری بەغـداش بـە شـێوەیەکی چـڕ بەشـداری خۆپیشـاندان و ناڕەزایەتییەکانیـان کرد(مسـتەفا،ب١، ٢٠١٨، ٢٥-٢٥٣)، بـەڵام ئـەوەی جێـی ئامـاژە بـۆ کردنـە کاریگـەری پەیماننامەکـە و ئـەو خۆپیشـاندانانە بـووە هۆی سـەرهەڵدانی خۆپیشـاندان و ناڕەزایـەتی لـە شـاری سـلێمانییش، کـە گشـت چـین و توێـژەکان بـە کاسـبکارو دوکانـدار و کرێـکار و ماموسـتا و قوتابیـان وژنـان و کچـان تیایـدا بەشـداربوون و دروشـمی (برایـەتی کـورد و عەرەب)یـان دەوتـەوە، چونکـە ئـەم پەیماننامەیـە هیـچ مافێکـی کـوردی تێـدا بەرجەسـتە نەکرابـوو (کەریـم،٢٠١٢،١٤١).

شـیوعییەکان بـە وتـار و بڵاوکردنـەوەی بەیاننامـە ڕۆڵـی گرنـگ و هاندانیـان گێـڕاوە، بـۆ ناڕەزایـەتی دەربڕیـن بەرانبەر بـەو پەیماننامەیـە، لـەو کەسـانەش کـە ڕۆڵیـان بینیـوە وەک: (حیلمـی عەلـی شـەریف، ئەکـرەم یامولکـی، سـەید تەهـا سـەید جـەلال، ئەحمـەد بـادی و محەمـەد کەریـم فەتحوڵڵا) و چەنـدانی دیکە(قـادر،٢٠٠٥،٢٧٥؛ یامولکـی، تشرینـی دووەمـی٢٠٢١)، بـەڵام حوکوومـەت دژی خۆپیشـاندەران وەسـتایەوە و هەڵمـەتی دەسـتگیریکردنی دەسـتپێکرد، بەتایبەتیـش ئەوانـەی کەسـەر بەحیزبـەکانی شـیوعی و پـارتی بوون(الحفـو و البووتـاني،٢٠٠٥،٩١)، ئـەم پەیماننامەیـە کەدرێـژە پێـدەری پەیماننامەکـەی حوزەیرانی١٩٣٠بـوو، کـە بـە هیـچ شـێوەیەک باسـی کـورد و مافـی کـوردی تێـدا نەکرابـوو، هەربـۆی پەیمانـی١٩٣٠ ناڕەزایەتـی تونـدی لێکەوتـەوە و لەئەنجامـدا خۆپیشـاندانی(٦ی ئەیلولی١٩٣٠)لـە شـاری سـلێمانی بـەدوای خۆیـدا هێنـا، ئـەم پەیماننامەیـەش جگـە لـەوەی جارێکـی دیکـە مافـی کـوردی تێـدا دەسـتەبەر نەکرابـوو، عێراقـی بـە گشـتی دەکـردەوە بـە پاشـکۆی بەریتانیـا، هەربۆیـە یەکێکـی دیکـە لـەو پارتانـەی ڕۆڵـی کاریگـەری تێـدا گێـڕاوە پـارتی دیموکـراتی کـورد بـوو کـە بەشـدارییەکی کاریگەرییـان هەبـوو، تەنانـەت خەڵکیـان ناردووە بـۆ ئـەوەی ئاڕاسـتەی خۆپیشـاندانەکە بـەدژی بەریتانییـەکان بگۆڕێـت واتـە دژی بێگانـە زەقبکاتـەوە، ئەوەبـوو لەئەنجامـدا بـارەگای بەریتانییـەکان لەسـلێمانی سوتێنرا(مسـتەفا،ب١، ٢٠١٨،٢٥٧)، لەڕیـزەکانی قوتابیـانی پـارتی ئـەوەی ڕۆڵـی هەبـوو لێپـرسراوی یەکێتـی قوتابییـان بـوو، کـە (عومـەر کەریـم عەزیـز) بـوو، لەگـەڵ (حیلمـی عـەلی شـەریف) سـەرۆکی قوتابیـان بـوون، ئەمانـە هانـدەری قوتابییـان بـوون، لەگـەڵ ئەندامـانی شیوعیش(ڕەسـوڵ،٢٠٠٦،١٥٤)، هـەر وەک(عەبەسـور) ئامـاژەی بـۆ کـردووە: ئێمـە وەک قوتابییـانی سـەر بەڕێکخسـتنەکانی پـارتی لـە قوتابخانـەی ناوەندییـەوە بـە هوتافکێشـان و خۆپیشـاندانێک بـەرەو سـەرا هاتینـە خـوارەوە و چوینـە نـاو خۆپیشـاندەرانەوە، ئـەو هوتافـەی ئـەوان دەیـان خوێنـدەوە ئێمـەش دەمـان وتـەوە دژی پەیمانـی پۆرتسـمۆس و داگیرکـەر (٢٠١٩، ٧٩-٨٠).

لـەو ڕۆژانـەدا شـاری سـلێمانی بەسـەرجەم چـین و توێژەکانـەوە بەشـدارییەکی زۆر گرنگیـان کـرد و تـەواوی کوچـە و کۆڵانـەکانی شـار بریتـی بـوون لـە خۆپیشـاندان و ڕاپەڕیـن گیـانی خەڵکـی سـلێمانی لـە دژایەتیکـردنی حوکومەتەکـەی سـاڵح جەبـر و سیاسـەتی بەریتانییـەکان بـەرز بووبـووەوە، قوتابییـانی دواناوەنـدی سـلێمانی

یەکـەم ڕۆژی دەسـتپێکردنی خۆپیشـاندانەکان لەپێشـەوە بەشـدارییان کـرد و قوتابخانەیـان بەجێهێشـت، بەدروشـم و هوتافکێشـان دژی حوکوومەتەکـەی سـاڵح جەبـر و بەریتانییـەکان، ئـەم کارەشـیان بـوو بەنەریتـی ڕۆژانەیـان، هەمـوو بەیانییـەک لەبـەردەم قوتابخانـە کۆدەبوونـەوە و ڕوویـان دەکـردە بەردەرکـی سـەرا، داواکارییەکانیـان زیاتـر ئـەو داواکارییانـە بـوون، کـە پێشـتر هەبـوون وەک ڕەتکردنـەوەی پەیماننامـەی ١٩٤٨و ئازادکـردنی گـیراوەکان ودژایەتیکـردنی ئیمپریالیزم(مسـتەفا،ب١، ٢٠١٨، ٢٥٥-٢٥٦)، لەسـەرئەم بـارودۆخ وخۆپیشـاندانانە (عیزەددیـن مسـتەفا ڕەسـول) ئامـاژەی بـۆ ئـەوە کـردووە: لـەکاتی خۆپیشـاندانی قوتابیـان لەقوتابخانـەدا پۆلیـس هـات بـۆ ئـەوەی ڕێـمان لێبگـرن، بـەڵام ئەگەرچـی تەقەشـیان لێکردیـن ئێمـە هـەر بـەردەوام بوویـن لـە ڕۆشـتن بـەرەو شـوێنی خۆپیشـاندانی گشـتی کـە لـە لای حەوزەکـەی ناوبـازاڕ بـوو، یـان سـەرا بوو، ڕۆژی(٢١کانـوونی دووەمـی ١٩٤٨)کـە لەنزیـک سـەرا بووین، ئوتومبێلێکـی موسـەلەحەی پۆلیـس درزی بەخەڵکەکـەداو جێـی خـۆی کـردەوە، بـەڵام هوتـاف بـەرز بـووەوە، زۆربـەی قوتابیـان ئـەم دێڕانـەی هـەردی شـاعیریان دەوتـەوە:

"بارووت و قوڕقوشم و پۆڵا گولەی زۆرداری ناقۆڵا

زنجیری سەد بەندیخانە ڕەشاشی دەستی بێگانە

یـەک زەڕڕە کارمـان تـێ نـاکا تەرکـی ڕێگەمـان پـێ نـاکا"، بـەم شـێوەیە خۆپیشـاندان بـەردەوام بـوو تاوەکـوو وەزارەتەکـەی سـاڵح جەبـر ڕووخـا(٢٠٠٦،١٥٢-١٥٣). سیاسـەتی حوکوومەتـەکانی سـەردەمی پاشـایەتی لـە عێـراق بێـزاری و نیگـەرانی خەڵکـی بـە گشـتی و شـاری سـلێمانی بەتایبـەتی زیاتـر کردبـوو، هەربۆیـە شـێوازەکانی خۆپیشـاندان لـە شـاری سـلێمانی هەمەجـۆر بـوو، یەکێـک لـەو سیمایانە بەردەوامـی دان بـوو بەخۆپیشـاندان و ناڕەزایـەتی دەربڕیـن، لەکاتێکـدا شـێوازێکی دیکـەی خۆپیشـاندانەکان ئەوەبـوو سـاڵانە لەیـادی خۆپیشـاندانی ڕابـرد و بەخۆپیشـاندانێکی دیکـە یـادی دەکرایـەوە، بـۆ نموونـە لـە سـاڵی ١٩٤٨ جگـە لـە خۆپیشـاندان بەهـۆی ڕووداوەکانی ئـەو سـاڵە، بەیـادی خۆپیشـاندانی سـاڵی ڕابـردوو، کـە بەهـۆی شـەهیدکردنی چـوار ئەفسـەرەکەوە خۆپیشـاندان کـرا یـادی کراوەتـەوە، لـە ڕاسـتیدا سـیمایەکی گرنگـی خۆپیشـاندانەکان لـەم قۆناغـەدا ئەوەبـوو سـەرجەم چـین وتوێـژەکانی شـار تێـدا بەشـداردەبوون، هەرئەمـەش وایکردبـوو خۆپیشـاندان وەک نەریتێکـی لێهاتبـوو جگـە لـە شـاری سـلێمانی لـە شـارەکانی دیکـەش پێڕەوی ئەو خەباتـە مەدەنییـە دەکرا(مسـتەفا،ب١، ٢٠١٨، ٢٥٨-٢٥٩).

وەک دەردەکەوێـت پەرەسـەندنی خەبـاتی مـەدەنی بەتایبـەتی خۆپیشـاندانەکان لـە شـاری سـلێمانی تەنیـا لەچوارچێـوەی داواکارییـە نەتەوەیـی و سـیاسی و مافـە کولتـووری و کۆمەڵایەتییـەکان نەماوەتـەوە، بەڵکـوو زۆر جـار سـنووری ئـەم داواکارییانـەی تێپەڕانـدووە و وەک هەڵوێسـتێک بەرانبـەر کێشـە دەرەکییـەکان دانیشـتوانی شـارەکە هاتونەتـە سەرشـەقام و ناڕەزایەتیـان دەربڕیـوە، ئەوەتـا لەئەنجامـی دابەشـکردنی خاکـی فەلەسـتین خەڵکـی سـلێمانی خۆپیشـاندانیان کردووە(یامولکـی، تشرینـی دووەمـی ٢٠٢١؛ شـێخ ئەحمـەد[11]، تشرینـی یەکەمـی٢٠٢٢)، هەروەهـا هـەر وەک هاوسـۆزییش بـۆ فەلەسـتین چەنـدان بابـەتی جۆراوجـۆر لـە ڕۆژنامەکانـدا بڵاوکراونەتەوە(ژیـن، ژ:٩١٦، نیسـانی١٩٤٨؛ ژیـن، ژ:٩١٨، ئایـاری١٩٤٨؛ ژیـن،ژ:٩٢٠، ئایـاری١٩٤٨؛ ژیـن،ژ:٩٢٢، حوزەیـرانی١٩٤٨؛ ژیـن،ژ:٩٣٨، تشرینـی یەکەمـی١٩٤٨)، بـەڵام یەکێـک لەجیاوازییـەکانی ئـەم خۆپیشـاندانە بریتـی بـوو لـە هاوهەڵوێسـتی لەنێـوان خەڵـک و حوکوومـەت، هەربۆیـەش موتەسـەریفی سـلێمانی و پیاوماقـووڵان و نـاوداران چوونـە یانـەی سـەربازی شـارەکە و کۆبوونـەوە و وتـاری دژایەتییـان بـۆ دابەشـکردنی خاکـی فەلەسـتین خوێندۆتەوە(ژیـن،ژ:٩٠٨، ٥مـارتی١٩٤٨، ١)، هەربەوبۆنەیـەوە دۆسـت ولایەنگرانی(تەحـەڕووڕ) بـۆ پشـتگیریکردنی فەلەسـتین و دژایەتیکـردنی دابەشـکردنی خاکەکـەی خۆپیشـاندانێکی دیکـە لـە شـاری سـلێمانی ئەنجـام درا، ئـەم خۆپیشـاندانە سـەرەتا لەبـەردەم دوکانێکـی نـاو بـازاڕەوە دەسـتي پـێ کـرد، کاتێـک کـە (غەفـوری مـیرزا کەریـم و مسـتەفا سـاڵح کەریـم)و دەیـان دیکـەی لایەنگـری تەحـەڕووڕ، دژی بەریتانیـا و دابەشـکردنی خاکـی فەلەسـتین وەسـتانەوە، کـە لـە ماوەیەکـی کەمـدا بەسـەدان کـەس بـەدەوری خۆپیشـاندەراندا کۆبوونـەوە، لەبـەردەم

شارەوانی کۆنی سلێمانی، کە بە(بەربەلەدییەکە)ناسراوە، لە ئەنجامدا لەلایەن پۆلیسەوە بڵاوەیان پێکرا، تەنانەت زۆر لە ڕۆشنبیران دەستگیرکران و زۆر لە قوتابیانی ناوەندیش دوورخرانەوە ولەتاقیکردنەوە بێبەشکران، بەڵام ئەم خۆپیشاندانە زیاتر چاوی خەڵکی کردەوە، لەدوای ئەوەوە هەر کارێکی خراپیان لە حوکوومەت و دەسەڵات ببینیایە خۆپیشاندانیان دژی دەکرد(مستەفا،ب١، ٢٠١٨، ٢٥٠-٢٥١؛ مەحوی، تشرینی یەکەمی٢٠٢٢)، (یامولکی) ئاماژەی بۆ ئەوە کرد: لەم نارەزایەتی دەربڕینە بەهۆی دابەشکردنی خاکی فەلەستینەوە، وەکو حیزب بەیاننامەمان دەرکردووە، جگە لەوەی لایەنێکی کاریگەرو بەشداربووی خۆپیشاندانەکەش بووین لە شاری سلێمانی(چاوپێکەوتن، تشرینی دووەمی٢٠٢١). هەرلە هەمان بۆنەدا وتارێک لەلایەن خۆپیشاندەرێکەوە خوێندراوەتەوە کە جەختی لەوە کردەوە، کە ئایا ئێمە بۆچی دەبێ پشتی فەلەستینی عەرەب بگرین؟ یان ئایا ئەو پشتگرتنە بەدڵ و بەگیان بێت؟ بەکورتی پوختەی وتارەکە ئەوەبوو: " کە دەبێت پشتیوانی لەگەلی فەلەستین بکەین، ئەویش لەژێر ڕۆشنایی ئەو حەقیقەتەی بزوتنەوەی ئازادی لەهەموو دنیا یەک بزوتنەوەیە، دەبێت باش ئەو بزانین کە قارەمانێکی ئەندۆنیزی بەرانبەر داگیرکەری هۆڵەندی دەجەنگێت، یان تاکێکی مەراکیشی هەوڵ دەدا بۆ ڕزگاربوونی لەژێر دەستی فەڕەنسییەکی داگیرکەر، یان عەرەبێکی فەلەستینی کەبەگژ بەریتانیادا دەچێتەوە، ئەمانە هەمووی شەڕی ئازادین، هەربۆیە دەبێت پشتیوانییان بکەین، عەیبە بەرانبەریان بەبێ هەڵوێست بووەستین، چونکە ئەوانیش و ئێمەش هەوڵ بۆ ئازادی دەدەین.."(گ.گەلاوێژ،ژ:١١، ١٩٤٧، ٢٥-٢٩).

باسی دووەم: خەباتی مەدەنی لە شاری سلێمانی (١٩٤٨-١٩٥٨):

بابەتی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە بەردەوامی ناکۆکی نێوان خەڵک و دەسەڵاتدارانی عێراق بووە و زۆربەی جارەکان نارەزایەتی لێکەوتۆتەوە، بۆ نموونە لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی١٩٤٨کێشە لەنێوان دانیشتوانی شاری سلێمانی و دامودەزگەکانی حوکوومەت دروستبوو، ئەمەش کاتێک هەڕەشەی ئەوەی لەخەڵک کرد هەرکەسێک دەنگ بە کاندیدانی حوکوومەت نەدات ڕووبەڕووی سزاو گرتن دەبێتەوە، هەربۆیە خەڵکی دژی ئەم هەڵوێستەی حوکوومەت خۆپیشاندانیان ئەنجامدا، ئیتر هەر دوو سێ ڕۆژ جارێک ڕێپێوانێک سازدەکرا و تێدا داوای نان و ئازادی و هەرزانییان دەکرد، قوتابییان ڕۆڵی سەرەکییان لەم ڕێپێوانانەدا هەبوو، دەچوونە سەر شانی یەکتر و هاواریان دەکرد: "بژی ئاشتی و ئازادی بڕووخێ ئیستیعمار، بژی میللەت"، هەروەها ئەو قوتابییانە زۆر بەپەرۆشەوە هاواریان دەکرد، کە دەبێت میللەت ڕاپەڕێت و داوای مافی زەوتکراوی خۆی بکات(شێخ تەها،٢٠٠٦،١٠٠)، لە ڕاستیدا خەڵکی دروشمیان دژی سیاسەتی تاک ڕەوی حوکوومەت بوو، کە پێیان وابوو دەنگدان بەو کەسە دیاریکراوانە دژایەتیکردنی ئازادییەکانیانە(ڕزگاری(ڕۆژنامە)،ژ:١٧-١٨، ١٩٤٨،١٠)، (بەهادین نووری) ئاماژە بۆ ئەوە کردووە: کە لە کاتی کۆبوونەوەیەکی جەماوەری بەبۆنەی دەنگدانەکەی ساڵی ١٩٤٨کە لە گۆڕەپانی قوتابخانەی ئامادەیی شار بەسترا بوو، بۆ پشتگیری کێشەی گەلی فەلەستین و دژایەتیکردنی کۆلۆنیالیزم و زایۆنیزم شیعرێکی خوێندۆتەوە، هەروەها هاندەری زۆری خۆپیشاندەرانی شاری سلێمانی بووین دژی ئەو داگیرکارییە(٥٧،٢٠١٨).

شیوعی ئامادەکاری کرد و لە ڕێگەی یادکردنەوەی خۆپیشاندانەکەی کانونی دووەمی١٩٤٨، حیزب لە ڕێگەی(کەریم سۆف)یەوە (بەهادین نووری)ڕادەسپێرن، کە ئەرکی سەرکردایەتیکردنی خۆپیشاندانەکان لەئەستۆ بگرێت، لەم بارەیەوە(بەهادین نووری) ئاماژەی بۆ ئەوەکردووە: بەبێ دو دڵی ڕازی بووم ئەرکی سەرکردایەتی لەئەستۆبگرم، هەربۆیە بەدەمامککراوی چوینە ئەو شوێنەی دیارمان کردبوو بۆ خۆپیشاندان، کە بریتی بوو لەناوەڕاستی بازاڕ، من بەدەمامککراوییەوە چووم و یەکەم هوتافم کێشا، پاشان وردە وردە خەڵکمان لێکۆبووەوە، نزیکەی دوسەد کەسێک کۆبووینەوە، هوتافمان دژی ئیمپریالیزم و حوکوومەتی بەکرێگیراوبوو، ئەمەشمان لەسەر چەند لافیتەیەک نووسیبوو خەڵکی

بەرزیان دەکردەوە، بەڵام دواتر لەلایەن پۆلیسەوە بڵاوە بەخۆپیشاندەران کرا، ئەوەی گرنگە ئاماژەی پێبکرێت ئەوەیە خەڵکی لەو ساڵانەدا تەواو لایەنگیری پارتەکانی دەکرد، کە (پارتی وتەحەڕووڕ)بوون، لەبەر ئەوەی خەڵکی لەگەڵ دروشمەکانیاندابوون، کە هەموو دژی بێگانە و دژی حوکومەتی بەکرێگیراو سیاسەتی خراپی بەشێک لە موتەسەریفەکان بوون، هەربۆیە کاتێک خۆپیشاندەران لەلایەن پۆلیسەوە پەلامار دەدران، ڕوویان لەهەر ماڵێک دەکرد ئەو ماڵە دەبووە پەناگایەک بۆی، تەنانەت شیوعییەکان لە کانونی دووەمی ١٩٤٩دا دوجار خۆپیشاندنیان ئەنجامداوە، جاری یەکەم تابووتێکی بەتاڵیان بەپارچە قوماشێک پێچابوو و چوونە ناوبازاڕوو دەستیان کرد بە هوتاف کێشان دژی سیاسەتی خراپی حوکومەتی پاشایەتی، خەڵکی لەدەوریان کۆدەبووەوە، بەڵام ژمارەی ئەو پۆلیسانەی هێنرابوونە شوێنەکە زۆر لەژمارەی خۆپیشاندەران زیاتر بوو، سەرئەنجام ژمارەیەک لەخۆپیشاندەران دەستگیرکران(نووری،٢٠١٨، ٦١-٦٣؛مستەفا،ب١، ٢٠١٨، ٢٦١-٢٦٥)، سەبارەت بە خۆپیشاندانی دووەمی مانگی کانونی دووەمی١٩٤٩(بەهادین نووری)ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە: لە (٣٠کانوونی دووەم)دا خۆپیشاندانمان ئەنجامدایەوە و لەسابوونکەرانەوە بەرەو سەرا ڕۆشتین، بەڵام ئەمجارە ژمارەمان کەمبوو، هوتافمان دەکێشا بۆ ئەوەی خەڵکی بێنە ناو ڕیزەکانمانەوە، کەچی هەرئەوەندەمان زانی پۆلیسمان لێقوت بووەوە و ناچاریان کردین بە کۆتایی هێنان بە خۆپیشاندانەکە، دوای ئەوەی چەند کەسێکمان لێ دەستگیرکرا(٢٠١٨، ٦٤-٦٥). هەربەهۆکاری پێشێلکاری حوکومەتی عێراقی لەهەمبەر تەزویرکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان کە کەسانێک دەرچوون بژاردەی حوکومەت بوون، پارتیش کاندیدیان هەبوو لەو هەڵبژاردنەدا کە (برایم ئەحمەد) بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی پارتی پارتێکی نهێنی بوو، کاندیدەکە بەناوی خۆیەوە بەشداربوو نەوەک سەربە لایەنێک(کەریم،٢٠١٢،١٤٥)، هەربۆیە کاتێک خەڵکی دژی هەڵوێستی حوکومەت خۆپیشاندنیان کرد، پارتیش ڕۆڵێکی کاریگەری بینی لەهاندانی خەڵک و بەشداری پێکردنی ئەندامەکانی و دروشمی:" بڕووخێ داگیرکەر، بژی میللەت"یان بەرز کردبووەوە(کەریم،٢٠١٢،١٤٧)، بەپێی ئەو زانیاریانەی کە لە چاوپێکەتنی توێژەر لەگەڵ چەند کەسێکدا کردویەتی، ئەوەی بۆ ڕوون بووەتەوە کە پارتی لەگەڵ تەحەڕووڕ ڕۆڵی گرنگیان لەسەرجەم خۆپیشاندانەکانی شاری سلێمانیدا بینیوە، بەنموونە خۆپیشاندانی ساڵی ١٩٥٢، بەڵگەش بۆ ڕۆڵ و کایگەرییان ئەوەبووە، زۆر لەوانەی دەستگیردەکران ئەندامانی پارتی و تەحەڕووڕ بوون، لەناو پارتیشدا(برایم ئەحمەد) لە هەموو کۆبوونەوە و خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی دەربڕینەکاندا دەورێکی چالاک و دڵسۆزانەی گێڕاوە و شانبەشانی خۆپیشاندەران ڕابەرێکی چاپوک بووە (چاوپێکەوتن لەگەڵ هەریەک لە:عەبە سور،فەخری٢٠٢٢، تۆفیق، بەرزنجی، تشرینی یەکەمی٢٠٢٢، ژیر[١٢]،تشرینی یەکەمی٢٠٢١).

ڕاپەڕینی ساڵی١٩٥٢هەر لەشەقامەکانی شاری بەغدادا نەمایەوە، بەڵکوو لە شارەکانی دیکەش خۆپیشاندان و مانگرتن و ناڕەزایەتی دروستبوو لەوانەش لە شاری سلێمانی، ئەگەرچی وەک(مسعود محەمەد)ئاماژەی بۆ کردووە موتەسەریفی سلێمانی لەوکاتەدا هاتە لای دادوەرەکانی دادگای سلێمانی کە من ئەندامێکی ئەو دادگایە بووم، داوای لێکردین کە بۆبەردەوامیدان بەهێمنی شارو ڕێگەگرتن لەئاژاوە پێویستە چەند ڕێکارێک بگرینەبەر، وەک دەستگیرکردن و دوورخستنەوەی ئاژاوەگێڕان، بەڵام ئێمە کە چوار دادوەر بووین دژی ئەو داواکارییە وەستایەنەوە، چونکە ئەوانەی خۆپیشاندانیان دەکرد خوێندنەوەی ئاژاوەگێڕییان لای موتەسەرف بۆ کرابوو، بۆیە ئێمە دژی بەرتەسککردنەوەی ئازادی وەستاینەوە(٢٠١٤،٤٠٠)، هەربۆیەش خۆپیشاندان هەربەردەوامی هەبوو دژی حوکومەتەکەی مستافا عومەری و دژی داگیرکەر، بەڵام لەلایەن دەسەڵاتیشەوە ئەزێتیان دراوە و تەنانەت خەڵکیشیان زۆر دەستگیردەکرد(قادر،٢٠٠٥،٢٩١).

وەک پێشتریش ئاماژەی بۆکرا قوتابییانی قوتابخانەی ناوەندی سلێمانی لە زۆربەی خۆپیشاندانەکان لەپێشەنگدا بوون و پارێزگارییان لەو پێشەنگییە کردووە

و لـەم بارەوە(قـادری مـیرزا کەریم)ئامـاژەی بـۆ ئـەوە کـردووە: لـە سـاڵی١٩٥٢ وەک پشـتیوانییەک بـۆ ڕاپەڕینەکـە لەقوتابخانـەی ناوەنـدی سـلێمانی خۆپیشـاندانمان ڕێکخسـت و هەرلەناوقوتابخانەکـەدا هەندێـک وتـار خوێندرایـەوە و دوای چەنـد هوتافکێشـانێک بـڵاوە بەخۆپیشـاندانەکە کـرا، بـەڵام بـۆ ڕۆژی دوایی چەنـد قوتابییەکمان گیرایـن و ڕەوانەی گرتوخانە(سـجن)ەکەی سەرەوە(مەبەسـتی بەندیخانەکـەی کۆتایـی شـەقامی پیرەمێرەدە- توێـژەر)، دواتـر بڕیاردرا بمـان گوازنـەوە بـۆ بەغـداد، لـەم کاتەشـدا لەخۆپیشـاندانەکەی بەغـدادا کوردێکـی سـلێمانی کـوژرا بـوو بەناوی(احمـدی حاجـی ڕەحیـم)، کاتێـک تەرمەکـەی هێندرایـەوە، خەڵکـی شـار بـەم دوو بۆنەیـە، لەلایـەک لەپێشـوازی تەرمەکـەدا و لەلایەکـی دیکـە بەهـۆی بڕیـاری دوورخسـتنەوەی ئێمـە بـۆ بەغـداد خۆپیشـاندانیان ئەنجامـداو هـاوار و هوتافکێشـان دژی دوورخسـتنەوەمان بەرزبـووەوە، بـەڵام هـەر دووریـان خسـتینەوە(ب١، ٢٠٠١،٨٤-٨٥)، هـەر لـەو چوارچێوەیـەدا نوێنـەرانی کـورد لەئەنجومـەنی نوێنـەرانی عێـراق یادداشـتێکییان پێشکەشـکردووە و داوایـان کـردووە کـە نابێـت بەهیـچ شـێوەیەک توندوتیـژی بەرانبـەر خۆپیشـاندەران بیگیرێتەبـەر و هەمـوو ئـەو کەسـانەش کـە زیندانیکـراون ئازادبکرێـن، هەرلەوکاتەشـدا لەژێـر کاریگەری دادوەرەکانی سـلێمانی لەوانە(مسـعود محمـد) لەلایـەک، لەلایەکـی دیکـە لەژێـر ئـەو تەوژمـەی خۆپیشـاندانەکان کـە لـە شـارەکەدا هەبـووە بـە بەردەوامـی و زۆربـەی چیـن و توێژەکانیـش تیایـدا بەشـداربوون، حوکومـەتی عێراقـی ناچاربـوو سیاسـەتێکی نەرمتری پێڕەوبکات(محەمـەد،٢٠١٤، ٤٠٠-٤٠١). بـە شـێوەیەکی گشـتی خۆپیشـاندانەکان لەعێـراق دوای سـەرکەوتنی شـۆڕشی میسر زیاتـر پەرەیسەند(مستەفا،ب١، ٢٠١٨،٢٦٦)، هەربۆیـە حوکوومـەتی عێراقـی دوای دەستلەکارکێشـانەوەی (مسـتەفا عومـەری) و پێکهێنـانی حوکوومـەت لەلایەن(نوورالدیـن محمـود) کـە سـەرۆکی ئـەرکانی سـوپا بـوو بڕیـاری حوکمـی عورفیـدا و خۆپیشـاندانی قەدەغـە کـرد لـە پارتـە سیاسـییەکان و ڕۆژنامـەکانی داخسـت، تاوەکـوو ماوەیەکیـش هاتوچـۆی بـە شـەو قەدەغەکـرد، ئەمەجگـە لـەوەی خەڵکێکـی زۆریشـیان دەسـتگیرکرد(بابان،ب١-٢، ٢٠١٢،٣٣٠)، بـەڵام هـەر لەوکاتەدا خۆپیشـاندان لـە شـاری سـلێمانی دروسـتبووبوو، حیـزبی شـیوعیش بەهەمـان شـێوەی خۆپیشـاندانەکانی دیکـە ڕۆڵـی بەرچاویـان گێـڕا، بۆیـە لەئەنجامـدا چەنـدان ئەندامیـان دەسـتگیرکرا، ئەگەرچـی قوتابیـانی (ناوەنـدی سـلێمانی) ڕۆڵـی گرنگیـان لـە بەشـداربوونی خۆپیشـاندانەکەدا بینیـوە، ڕۆڵـی بەڕێوەچـوون و ڕابەرایەتیکـردنی خۆپیشـاندانەکە زیاتـر شـیوعی بـوون، بۆیـەش زۆرلەدەسـتگیراوان لـەوان بوون(قـادر،٢٠٠٥،٢٩١؛ مسـتەفا،ب١، ٢٠١٨،٢٦٧).

یەکێـک لـەو خۆپیشـاندانانەی کـە حیـزبی شـیوعی و پـارتی دیموکـراتی کـورد ڕۆڵییـان تێـدا بینیـوە، بریتییـە لـە خۆپیشـاندان بەهـۆی مردنـی قوتابییەکەوە لەبەشی ناوخۆیی لەسـلێمانی لـە سـاڵی(١٩٥٢)، یەکێتـی قوتابییـان بەهـاوکاری و پشـتیوانی ئـەم دوو پارتـە خۆپیشـاندانێکی گەورەیـان ئەنجامـدا، داوای زیادکـردنی سـوتەمەنی و شـوێنی مانـەوە و پێخـەفی زیاتـر و زیاتریـان دەکرد...(کەریـم،٢٠١٢،١١٩)، هـەر وەک لەچاوپێکەوتنێکـی توێـژەردا لەگەڵ(جیهـان عمر تۆفیـق)دا ئەنجامیـدا، ناوبـراو ئامـاژەی بـۆ ئـەوە کـرد: کـە بیرمـە ئـەو قوتابییـە لەسـەرماندا ڕەقبووبـووەوە، هەربۆیـە بۆمـاوەی دوو سـێ ڕۆژ قوتابخانـە داخـرا و خۆپیشـاندانی بەرفرەوانمـان ئەنجامدا(تشرینـی یەکەمـی٢٠٢٢)، لـە ڕاسـتیدا لەوماوەیـەدا وەک نووسـەرێک بـاسی کردووە:ناکۆکـی لەنێـوان ئـەو دوپارتـەدا زۆر کـەم بـووە، لەلایـەک بەهـۆی ئـەوەی پارتـی دیموکراتـی کـورد تـازە دامەزرابـوو، لەلایەکـی دیکـە بەهـۆی نهێنـی کاری حیزبییانـەوە، کـە هەردوکیـان تـا ڕادەیـەک بەنهێنـی چالاکییـان دەکـرد، هەربۆیـەش زۆربـەی چالاکییەکانیـان بەیەکـەوە ئەنجامـداوە، خۆئەگەرجارجـارەش بەتەنیـا چالاکییـان ئەنجـام بدایـە توندوتیـژی ڕووینەدەدا(عەبەسـور،٢٠١٩،١٢٧)، ئـەم نموونـەی سـەرەوە یەکێکـە لـەو چالاکییـە هاوبەشـانەیان، ئەمـە جگـە لـەوەی لـە زۆربـەی هـەرە زۆری ئـەو خۆپیشـاندان و ناڕەزایەتییانەی خراونەتـەڕوو، هـەردوو پـارت بەشـداربوون، بـەڵام بـە جیا خسـتومانتە ڕوو بـۆ ئـەوەی تێکەڵییـەک دروسـتنەبێت.

خۆپیشـاندانێکی دیکـەی ئـەو قۆناغـەی شـاری سـلێمانی کـە لـە ڕۆژانی٢و٣ی ئـاداری ١٩٥٤ئەنجـام دراوە، ئـەم

خۆپیشـاندانە دژی سیاسـەتی حوکوومـەتی عێراقـی بـووە بەرانبـەر ژیانی خەڵک وەک بەرتەسککردنەوەی ئازادییەکان و ڕێگەگرتـن لەبڵاوکـراوە و ڕۆژنامـەکان، لەلایەکـی دیکـەوە خراپـی بارودۆخـی سـلێمانی لـەڕووی خزمەتگوزارییـەوە، هەروەهـا زۆربـوونی بێـکاری و بڵاوبوونـەوەی نەخـۆشی و نەهامـەتی لـە شـارەکەدا، تەنانـەت پۆلیـس و دەزگـەکانی حوکوومـەت زۆر جـار پەلاماری خەڵکیـان دەدا و دەچوونـە سـەرماڵەکانیان، لەهەڵبژاردنەکانیـش ئـەوەی لایەنگـر و تەزکیـەی حوکوومـەتی نەبووایـە و خـۆی کاندیـد بکردایـە دەسـتگیردەکرا(رزکاری،ع: ٥، مـارتی ١٩٥٤،٦)، بۆیـە کاتێـک حوکوومـەت ئەنجامـی هەڵبژاردنـەکانی ڕاگەیانـد و تەنیـا لایەنگـرانی خـۆی دەرچووبـوون، ئەمـە بـوو بەبیانویەکـی گـەورە بـۆ خەڵکـی شـارەکە و ڕژانـە سەرشـەقامەکان و بـە دروشـمی"بڕووخـێ... بڕووخـێ" هوتافیاندەکێشـا، لـە ماوەیەکـی کەمـدا بەسـەدان کـەس لەبەردەرکـی سـەرا کۆبوونـەوە و ئەنجامـی هەڵبژاردنەکانیـان ڕەتکـردەوە و لـەو خۆپیشـاندانەدا گەنـج و پـیرو ژن و منـداڵ و سـەرجەم چـین و توێـژەکان بەشدارییانکرد(مسـتەفا،ب١، ٢٠١٨، ٢٧٣).

وەک ئاماژەی بـۆ کـرا بەهـۆی ئەنجامـی هەڵبژاردنـەکان و خراپـی سیاسـەت و مامەڵـەی حوکوومـەتی عێـراق بەرانبـەر کـورد، جارێکـی دیکـە لـە١٦ی ئەیلـولی ١٩٥٤ خۆپیشـاندان لـە شـاری سـلێمانی دەسـتی پێکـردەوە، بەتایبـەتی دوای ئـەوەی داواکارییـەکانی خۆپیشـاندەران وەڵام نەدرایـەوە، بـەڵام لەلایـەن حوکوومەتـەوە توندوتیـژی لێکەوتـەوە و تەقـە لـە خۆپیشـاندەران کـرا و لەئەنجامـدا دوو هـاووڵاتی کوژران(الحسـنی،ج٩، ١٩٦٨، ١٥٩-١٦٠). ٣و٤ و ٧ی ئـاداری ١٩٥٤ ڕۆژانی پـڕ لـە خۆپیشـاندان و دەربڕینـی ناڕەزایـەتی بـوو لـەم شـارەدا (رزکاری،ع:٥، مـارتی١٩٥٤، ٧)، لەهەمـان کاتـدا شـیوعییەکان کـە لەنـاو خەڵکـدا بـە بـەرەی خەڵـک ناسرابـوون کاندیدیـان هەبـوو، پەیمـانی ئەوەیـان بـە خەڵـک دەدا لـە ئەنجومـەنی نوێنەرانـدا بـاسی کێشـە و گرفتەکانیـان بکـەن، هەروەهـا کار بـۆ بەدیهێنـانی مافـەکانی کـورد بکـەن و هەوڵـی چەسـپاندنی بـدەن، تەنانـەت بـۆ ئـەم مەبەسـتە لەتەکیـە و مزگەوتەکانـدا لەگـەڵ خەڵـک کۆدەبوونەوە(بـۆ تـانی،ب١،١٩٩٨، ١٧٨)، کاتێکیـش ئەنجامـی هەڵبژاردنـەکان ڕاگەیەنـدرا و لایەنگـری حوکوومەت سـەدا سـەدی دەنگەکانی بەدەسـتهێنا، کاندیـدەکانی خەڵـک دەرنەچـوون، هەربۆیـە خۆپیشـاندانی چـڕ لـەم شـارەدا کرا(چاوپێکەوتن،مەحـوی، تشرینـی یەکەمـی٢٠٢٢)، ئەگەرچـی لەسـەرەتادا بـڵاوە بەخۆپیشـاندەران کـرا، بـەڵام پـاش سـێ ڕۆژ لـە ڕاگەیانـدنی ئەنجامـەکان بەهـاوکاری شـیوعییەکان مانگرتـن و خۆپیشـاندان سـەریهەڵدایەوە، دەیەهـا کـوردی بێچـەک هاتنـە سەرشـەقامەکان و دژی حوکوومـەت و هەڵبژاردنـەکان وەسـتانەوە، بـەڵام دامودەزگـەکانی حوکوومـەت بێبەزەییانـە تەقەیانکـرد، دەیـان وت: کوژراویـش هەبووە(بۆتـانی،ب١، ١٩٩٨، ١٨٢).

لـە ڕاسـتیدا سیاسـەتی حوکوومـەت لەسـەروبەندی ئـەم هەڵبژاردنـەدا جۆرێکـی دیکە بـوو، کەخۆی لە دەسـتگیرکردنی ئـەو کەسـانە دەبینیـەوە کـە جێگەی گومـان بـوون و خەڵکی پشـتیوانییان دەکـردن و ڕێگـر بـوون لـە دەرچـوونی لایەنگرانی خۆیـان لـەم چوارچێوەیەشـدا(برایم ئەحمـەد)و شـەش کـەسی دیکەیـان پێـش هەڵبژاردنـەکان دەسـتگیرکرد، تاوەکـوو دوای هەڵبژاردنـەکان ئـازاد نەکران(حمیـدی،١٩٧٦،٩١)، لەبەرانبـەر ئـەم ڕووداوە نوێنـەرانی سـلێمانی لـە(٦ی حوزەیـرانی١٩٥٤)دا بروسـکەیەکیان بـۆ ئازادکـردنی ئـەو گیراوانـە بـۆ بەرپرسـانی عێراقـی بەرزکـردەوە کـە ئەمـە دەقەکەیـەتی: " دەسـتێوەردانە کارگێڕییـەکان لەلایـەن لیـوا و بەڕێوەبـەری ناحیـەکان لەبەرژەوەنـدی پاڵێـوراوانی حوکوومـەت شـێوەیەکی خراپـی وەرگرتـووە، تـیرۆری حوکوومـەت دژی دەنگـدەر و داواکارانی ئـازادی هەڵبـژاردن زیادیکـردووە، پۆلیـس ژمارەیـەک لەخانـەوادەی گرتـووە و نادیـارن ئێسـتە، ئـەم کارە سـەرکۆنە دەکەیـن و داوای ئازادکـردنی گـیراوەکان دەکەیـن، پێویسـتە هەڵبژاردنـەکان بەئـازادی ئەنجـام بدرێت"(کەریـم،٢٠١٢،١٥١)، بـەڵام بەهـۆی ئـەوەی گـیراوان ئـازاد نەکـران، لەلایەکـی دیکـە لەگـەڵ ڕاگەیانـدنی ئەنجامـی هەڵبژاردنـەکان، جارێکـی دیکە لەشـەقامەکانی سـلێمانی لەئەیلـولی هەمـان سـاڵ مانگرتنـی گشـتی ڕاگەیەنـدرا، پاشـان خۆپیشـاندان و ناڕەزایـی ئەنجام درایـەوە، پـارتی ڕۆڵێکـی کاریگەرییـان لـەم ناڕەزایەتییـان بینـی، چونکـە لەلایـەک ژمارەیـەک لەئەندامانی دەسـتگیرکران

و لەلایەکی دیکە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان ساختەکاری زۆری تێدا کراوە، بەمەش ئەندامانی ئەمان دەرنەچوون، هەربۆیە بەگروو تینێکی زۆرەوە بەشداری و هاندەری خۆپیشاندانیان کردووە، لەپاشانیشدا لەلایەن پۆلیسەوە بڵاوەیانپێکراوە(کەریم،٢٠١٢،١٥٣؛ چاوپێکەوتن، فەخری، عومەرمەحوی، تشرینی یەکەمی٢٠٢١).

ڕووداو و پێشهاتە سیاسییەکان لەعێراق زۆر بەخێرایی و بەدوای یەکدا دەهاتن، ئەمەش فاکتەرێکی گرنگ بوو بۆ بەردەوامی ناڕەزایەتییەکان بەمۆرکێکی مەدەنیانە، ئەوەتا لە(٢٥ی شوباتی١٩٥٥) واتە ڕاستەوخۆ ڕۆژی دوای مۆرکردنی (پەیماننامەی بەغداد١٩٥٥) خۆپیشاندان لە شاری سلێمانی ئەنجام دراوە، خۆپیشاندانەکە لەسەرای سلێمانی بەڕێوەچوو، سەرجەم چین و توێژەکانی شاری سلێمانی تێدا بەشداربوون و بەردەوام هوتافیان دەوتەوە و هەندێک جاریش بە دێڕێک هۆنراوە، بۆنموونە دەیان وت: " هەڵپەڕن دەی هەڵپەڕن هەڵپەڕینێکی بەجۆش"، بەڵام بەهۆی بەرفرەوانی خۆپیشاندانەکەوە موتەسەریفی سلێمانی فەرمانیدا بە پۆلیس کۆتایی بە خۆپیشاندانەکە بهێنێت، لەئەنجامدا کەسێک بەناوی(بەکر ئەحمەد خەیات) کە بە (بەکرە سور) ناسرابوو کوژرا، نزیکەی (٣٠)کەسی دیکەش لەخۆپیشاندەران دەستگیرکران، لەناویاندا(ئەحمەد مارف)ی سەرۆکی سەندیکاکانی سلێمانی، لەبەر ئەوەی سەندیکاکان بە ڕێژەیەکی زۆر لەو خۆپیشاندانەدا بەشداربوون(عەبدوڵڵا،١٩٩٦،٩٢)، لەکاردانەوەی خۆپیشاندانی (پەیمانی بەغدا١٩٥٥) (کەریم،٢٠١٢،١٦٨)، لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی بەیاننامە و داواکردنی یەکخستنی ڕیزەکانی گەل بۆ دژایەتیکردنی پەیماننامەکە(قادر،٢٠٠٥،٣١٥)، ناڕەزایەتییەکان لە دژی ئەو پەیماننامەیە لە شاری سلێمانی لەبەر ئەوەبوو ئەم پەیمانە سەرکوتکردنی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بوو، لەهەریەک لەو وڵاتانەی کە کوردییان تێدا دابەشکراوە، بۆنموونە سەرکوتکردنی جوانڕۆییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان (الحسنی،ج٩، ١٩٦٨، ٢٥٢-٢٥٤؛ ئەحمەد،٢٠٠٩،١٣٤)، پارتی بەسەرکردایەتی(برایم ئەحمەد)کە سکرتێری پارتی بووە لەوکاتەدا ڕۆڵی کاریگەریان گێڕاوە لەو خۆپیشاندانەدا کە لە دژی پەیماننامەکە ئەنجام درا، تەنانەت لەلایەن پارتییەوە بەیاننامە دەرکردووە و هانی خەڵکیان داوە بۆ خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی دەربڕین دژی پەیماننامەکە(ئەحمەد،٢٠٠٩، ١٣٤-١٣٥).

یەکێکی دیکە لەخۆپیشاندانە گەورەکانی شاری سلێمانی، بەبۆنەی هێنانەوەی تەرمی شێخ مەحمود بوو، کە لە تشرینی یەکەمی١٩٥٦ئەنجام درا(لازاریف،٢٠١٠،٤٤٣؛ تۆفیق، تشرینی یەکەمی٢٠٢٢) ناوبراو لە شاری بەغداد کۆچی دوایی کردبوو، خەڵکێکی زۆر چوبوونە تاسڵوجە بۆ پێشوازی لەتەرمەکەی، کاتێک تەرمەکە گەیشتەوە شاری سلێمانی بەسەدان کەس لەپیر و لاو لای باخی گشتی لەپێشوازیدابوون و لەوێوە لەگەڵ ئاپۆرای جەماوەر تێکەڵبوون، ئینجا دروشمی"بڕووخێ حوکوومەتەکەی نووری سەعید" و"بڕووخێ پەیمانی بەغداد" یان دەوتەوە(کەریم،٢٠١٢،١٦٨)، لەم خۆپیشاندانەدا ئافرەتانیش ڕۆڵێکی بەرچاویان بینیوە، بەکۆمەڵ دەهاتنە ناو خۆپیشاندانەکەو هوتافیان دەوتەوە، بەم شێوەیە: " ڕۆ ڕۆ مەلیکی کوردستانم ڕۆ"(ئاغجەلەری،٢٠٠٩:٨٩؛ مستەفا،ب١، ٢٠١٨، ٢٨٢-٢٨٤)، یەکێک لەو هەوڵانەی خۆپیشاندەران دایان لەدوای ئەوەی تەرمەکەیان شۆرد لە مزگەوتی گەورە، بریتی بوو لەبردنی تەرمەکە بۆ بەندیخانە لە شەقامی پیرەمێرد بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە بتوانن(شێخ لەتیفی کوڕی شێخ مەحمود) کەزیندان بوو ڕزگاری بکەن، بەڵام بێسوود بوو(بەرزنجی، تشرینی یەکەمی٢٠٢٢؛ تۆفیق، تشرینی یەکەمی٢٠٢٢)، لەلایەن پۆلیسەوە دوورخرانەوە هەربۆیە بەرەو سەرا گەڕانەوە، بۆ پارێزگاریکردن لەسەرا پۆلیس لەسەربانەکان بوون، بەڵام لەو کاتەدا(ئەختەری ڕەشۆڵ) یەخەی پۆلیسەکان دەگرێت و دەڵێت: بۆ وازمان لێناهێن، ئیتر دوای دەمەقاڵێیەکی زۆر لەلایەن پۆلیسەوە شەهید دەکرێت، بەمەش ئەوەندەی تر گڕووتینی خۆپیشاندانەکە زیاتر دەکات(ئاغجەلەری،٢٠٠٩،٨٩؛ چاوپێکەوتن،شێخ ئەحمەد، تشرینی یەکەمی٢٠٢٢)، یەکێک لەو بابەتانەی لە چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ هەریەک لە: (شێخ ئەحمەد و مەحوی)دا لەسەر ئەم خۆپیشاندانە بۆی

دەرکـەوت ئەوەبـوو ناوبـراوان ئاماژەیـان بـۆ ئـەوە کـرد: ئـەم خۆپیشـاندانە خۆڕسـکی بـوو، لەبـەر ئـەوەی هەواڵـی ئـەوە هاتبـوو کە(شـێخ مەحمـود بـە شرینقــە - دەرزی) مردووە(تشرینـی یەکەمـی٢٠٢٢)، هۆکارێکـی کاریگـەر بـۆ ئـەو خۆپیشـاندانە بریتـی بـوو لەخۆشەویسـتییەکی زۆری خەڵـک بـۆ (شـێخ مەحمـود)، جگـە لـە خراپـی سیاسـەتی موتەسـەریفی سـلێمانی بەرانبـەر بـە خەڵـک (بەرزنجـی، بابەعـەلی، تشرینـی یەکەمـی٢٠٢٢).

سـەبارەت بـە ڕۆڵـی حیـزبی شـیوعی و پارتی(قـادری مـیرزا کەریـم) ئاماژەی بـۆ ئـەو ڕۆژە کـردووە: لەوکاتەدا(مـن و کەمال فوئاد)لـە حیـزبی شـیوعی و(نـووری ئەحمەد تەها و نـووری عەلی شـەریف) لەبـرادەرانی پـارتی کۆبووینـەوە، بڕیارمانـدا هەمـوو هێـزو توانـای خۆمـان بخەینـە کار بـۆ ئـەوەی جەماوەرێکـی زۆر کۆبکەینـەوە، ئـەو ڕۆژە (ڕۆژی ناشـتنی تەرمەکـە، واتـە بـۆ ڕۆژی دووەم) بکەینـە ڕۆژێکـی مێژوویـی و تێکۆشـانی میللـەت بەرانبـەر بە ڕژێـم، بـەڵام ئـەو شـەوەی کـە پلانێکـی چڕمـان دانا بـۆ ئـەوەی بـۆ بەیـانی خۆپیشـاندان سەرتاسـەری شـار بگرێتـەوە، لەهەمـان ئـەو شـەوەدا پۆلیس کەوتـە دەسـتگیرکردنێکی زۆری خەڵـک بـە حیـزبی و بـێ لایەنیشـەوە، نزیکە(١٠٠-١٥٠)کـەس گـیران و خرانـە گرتوخانـەی ژووری سـەراوە(ب٢، ٢٠٠٩، ٣٥-٣٦). هەروەهـا ئامـاژەی بـۆ ئـەوە کـردووە: کـە ڕۆژی یەکـەم دوای ئـەوەی تەرمەکەمـان لەگـەڵ جەماوەرێکـی یەکجـار زۆر بـرد بـۆ گرتوخانـە بەهیـوای ئـەوەی (شـێخ لەتیـف) ئـازاد بکرێـت، بـەڵام بەهـۆی تەقەیەکـی زۆر و کـوژران بریندارب‌وونی ژمارەیـەک لـە خۆپیشـاندەر تەرمەکەمـان گەڕانـدەوە بـۆ مزگـەوتی گـەورە، شـەو ئێمـە لەگـەڵ بـرادەرانی پـارتی کۆبووینـەوە و بڕیارمانـدا بـۆ بەیـانی کارێکـی وابکەیـن کـە خەڵکـی هەمـووی بێنـە سەرشـەقام دژی حکوومـەتی بێگانەپەرسـت، بـەڵام ئـەو شـەوە خەڵکێکـی زۆریـان گـرت، بۆبەیانیـش پۆلیسـێکی زۆر بـڵاوەی پێکرابـوو، لەگـەڵ هەمـوو ئەمانەشـدا خۆپیشـاندان وهوتافکێشـان هـەر هەبـوو(ب٢، ٢٠٠٩، ٣٦-٣٨).

وەک دەردەکەوێـت دو فاکتـەری گرنـگ لەپشـت هەمـوو ئـەو چالاکییـە مەدەنیانـەی شـاری سـلێمانی بوونـە بەتایبـەتی خۆپیشـاندانەکان، یەکەمیـان: بێـزاری و نیگەرانییەکـی زۆری دانیشـتوانی شـارەکە بەرانبـەر سیاسـەتی دامودەزگـەکانی حوکوومـەتی عێراقـی هەبـووە، کەئەمـە وایکـردووە هـەر ڕووداو و بۆنەیـەک بقۆزنـەوە و خۆپیشـاندان ئەنجامبـدەن، دووەمیـان: هانـدان و ڕۆڵـی ڕێکخـراوە سیاسـییەکان بەتایبـەتی پـارتی دیموکراتی کوردسـتان و حیـزبی شـیوعی، کـە ڕەنگـە مەبەسـتێکی شـاراوەی پشـت چالاکییـەکان خۆدەرخسـتنی زیاتـر و ڕاکێشـانی جەمـاوەر بووبێـت.

لەکۆتاییـەکانی سـاڵی ١٩٥٦ وەک کاردانەوەیـەک بەرانبـەر هێرشـە سـێ قۆڵییەکـەی سـەر میسـر (الحفـو و البووتـانی، ١٠٠، ٢٠٠٥؛ بابـان، ب١-٢،٢٠١٢،٣٣٦؛ خەیاڵـی، ٢٠٢١،٢٠٩) خۆپیشـاندان لەسـلێمانی ئەنجـام دراوە، بـەڵام لـەو کاتـەدا لەلایـەن فەرمانـدەی سـەربازی ناوچـەی سلێمانی بەیاننامەیەکـی بـۆ سـەرجەم خەڵکـی شـاری سـلێمانی بڵاوکـردەوە و تێـدا هەڕەشـەی توندی لەخـۆی گرتبـوو، کەتێیدا هاتبـوو: " لەلایـەن فەرمانـدەی سـەربازی سـلێمانییەوە ئاگادارتـان دەکاتـەوە لـە بەشـداریکردنی خۆپیشـاندان، کەهەندێـک لـە قوتابییـانی تەمبـەڵ، یـان هەڵگـری بیروبـاوەڕی تێکدەرانـە لەنێـو ئێـوەدا خۆیـان گرتـووە، لەسـەر بڵاوکردنـەوەی گیانی ئـاژاوە لەنێو پۆلەکانتانـدا، بۆیـە هەرکەسـێک بییەوێـت خۆپیشـاندان بـکات، یـان بەشـدار بێـت لەخۆپیشـاندان لـە قوتابخانـە دەردەکرێت"(کەریـم،٢٠،١٧٠ ١٢؛مستەفا،ب١، ٢٠١٨،٢٨٨) لـە ڕاسـتیدا ئـەم هەڕەشـەو بڕیارانە کاری نەکـردە سـەر تێکـدانی خۆپیشـاندانەکان و بەڵکـوو بگـرە خۆپیشـاندان لەلایـەن قوتابیـان و سـەرجەم چـین و توێژەکانـەوە دەسـتی پێکـردەوە و بـەرەو خانەقـا ڕۆشـتن، بـەڵام ڕێگرییـان لێدەکرێـت و چەنـد کەسـێکیش دەستگیردەکرێت(الحسـنی،ج١٠، ١٩٦٨، ١١٨)، لەئەنجامـی ئـەم خۆپیشـاندان و ناڕەزایەتییانـە موتەسـەریفی سـلێمانی بروسـکەیەکی بـە مێـژووی(٤ی کانـونی یەکەمـی ١٩٥٦)بـۆ وەزارەتی ناوخـۆ نـاردووە، تێیـدا داوای کـردووە کـە ئـەو بڕیـارەی وەزارەتی مەعاریـف بـۆ داخسـتنی قوتابخانـەکان شـاری سـلێمانی نەگرێتـەوە، چونکـە دەبێـت هـۆی زیاتـر بەرفرەوانبـوونی خۆپیشـاندان و ناڕەزایەتییـەکانی ئـەم شـارە لەلایـەک و لەلایەکـی دیکـە ئاسـایشی شـارەکە تێکدەچێـت، بـەڵام لـە ڕاسـتیدا وەزارەتی ناوخـۆ جەختـی لەسـەر پابەندبـوون بەبڕیارەکـەوە کـردەوە (کەریـم،٢٠١٢،١٧١).

کاتێـک لـە میسر کەناڵی سـوێس لـە سـاڵی١٩٥٦ خۆماڵیکرا و بـوو بەزەبرێکـی کوشـندە لەبەرژەوەنـدی وڵاتـە زلهێـزەکان،

هێرشی سێ قۆڵی لەلایەن(بەریتانیا، ئیسرائیل و فەرەنسا)لە شوباتی ١٩٥٦ بۆسەر میسر ئەنجام درا، لەئەنجامدا کاردانەوەی لەشەقامی عێراقیدا دروستکرد بە شاری سلێمانییشەوە، ئەندامانی پارتی لەخۆپیشاندان بەو بۆنەیەشەوە ڕۆڵی کاریگەرییان بینیوە، هەربۆیەش هەریەک لە(برایم ئەحمەد، عومەر مستەفا و مەلا عەبدوڵڵا ئیسماعیل) درانە دادگای عورفی عێراق بەتۆمەتی کارکردن بۆ پشتیوانیکرد لە میسر، دواتر خرانە ژێر چاودێری حوکوومەتی عێراقەوە(تاڵەبانی،١٩٧٠،١٥٥)، لە ڕاستیدا سەرەڕای ئەوەی دەسەڵاتداران هەڕەشەیان دەکرد، بەڵام خۆپیشاندانی بەرفرەوان لەسلێمانی ئەنجام درا، تەنانەت ڕووبەڕووی پۆلیس بوونەوە و چەندکەسێکیش لەخۆپیشاندەران دەستگیرکران، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکی هەرسوربوون لەسەر خۆپیشاندان(بۆتانی،ب١،١٩٩٨،٢٣٥).

بەتێپەڕبوونی کات کێشەکانی نێوان کورد و حوکومەتەکانی عێراق زیاتر دەبوو، ئەمەش لەو سۆنگەیەی بەشێکی زۆری هەنگاوە سیاسییەکانی حوکوومەت کەوتبووە ژێر هەژموونی وڵاتانی زلهێز لەناوچەکە، بەمانایەکی دیکە هەنگاوەکان ئەوەندەی خواستی وڵاتانی زلهێزبوو لەچوارچێوەی ئەو ڕکابەرییەی لەنێوان هەردوو بلۆکی سەرمایەداری و شیوعیەت هەبوو کەمتر خواستی خودی ئەو وڵاتانە بوو کە هەنگاوەکەی دەنا. یەکێک لەم هەنگاوانە یەکێتی نێوان عێراق و ئوردن بوو لەژێرناوی(یەکێتی عەرەبی هاشمی)کە لە شوباتی١٩٥٨ ڕاگەیەندرا، دوای ئەوە ئەنجومەنی شارەوانی سلێمانی بەم بۆنەیەوە لە(٢٠ی شوباتی ١٩٥٨)دا کە پێکهاتبوون لەهەریەک لە:(حاجی محەمەد کۆڵەک، عەتا شاڵی، ڕەئوف مستەفا، عەزیز عارف، ئەحمەد زرنگ، ڕەحیمی میرزا غەفور، ئەمین ئەحمەد بەگ و مستەفا ڕەشید)، بروسکەی پیرۆزباییان بۆ(شا فەیسەڵی دووەم)نارد و تێدا داوای ئەوەیان لێکردبوو مافەکانی کورد بەپێی یاسای بنەڕەتی عێراقی لەدەستوری تازەدا بیچەسپێنن(ژین،ژ:١٣٨٢، ١٩٥٨/٢/٢٠، ٢)، لەبەر ئەوەی لەم یەکێتییەدا بەهیچ شێوەیەک باسی کوردی تێدا نەکرابوو، لەکاتێکدا دووەم نەتەوەی عێراقە(عومەر(ب)،٢٠١٩،١٩٠)، هەربۆیە بەسەدان واژۆ لەم شارەوە و شارەکانی دیکەی کوردستانیش کۆکرایەوە و داوای ئەوە دەکرا لە حوکوومەتی عێراقی کە مافی کورد لەو یەکێتییەدا بچەسپێت(عەبەسور، تشرینی یەکەمی٢٠٢٢). هاوکات داوایەکی دیکە لەلایەن (٣٢٠)کەسایەتی شاری سلێمانی پێشکەش بەدەسەڵاتدارانی حوکوومەتی پاشایەتی کراوە، ئەمەش دەقی بروسکەکەیە: " ئێمە ڕۆڵەکانی گەلی کوردین، داوا دەکەین ئەو مافە نەتەوەییانەمان بپارێزرێت، کە لەدەستوری عێراقی و قەوانینی دەولیدا دانی پێدانراوە، داوادەکەین لەدەستوری تازەشدا کە نیاز وایە بەم نزیکانە دابنرێت، مافەکانی کوردی تێدا بنووسرێت، بۆ ئەوەی کورد مافی نەتەوەیی مەشروعی خۆی پێ بدرێت" (ژین، ژ:١٣٨٣، ٢٧ی شوباتی١٩٥٨، ٢).

پارتی دیموکراتی کوردستان نارەزایەتی لەو یەکگرتنە هەبوو و بەدژایەتی گەلانی ناعەرەب لەقەڵەمیانداوە، هەربۆیە ژمارەیەک لەئەندامانی پارتی لە شارە جیاوازەکانی کوردستان چوونە شاری کەرکوک، کە ئەندامانی بەشداربووی سلێمانی پێکهاتبوون لە: (برایم ئەحمەد و عومەر مستەفا)، لەئەنجامی کۆبوونەوەکەیان یادداشتێکیان نووسی بەناوی گەلی کوردەوە و بەرزکرایەوە بۆ بەرپرسانی حوکوومەتی عێراقی، لە ڕێگەی دوو نوێنەریانەوە(حمیدی،١٩٨٠،٢٦١؛ محمد،٢٠٠٩،٨٦؛ قادر،٢٠٠٥، ٤٠٤-٤٠٥)، بەڵام لە ڕاستیدا بەپێی بەڵگەنامەیەکی وەزارەتی ناوخۆی عێراق بەشی هەواڵگیری نهێنی دەزگە ئەمنییەکانی بەغداد، لەو کۆبوونەوەیە و ناردنی نوێنەران ئاگادار دەبێت، بەڵام داواکارییەکەیان جێبەجێناکرێت (قادر،٢٠٠٥، ٤٠٤-٤٠٥)، پارتی دەربارەی ئەم یەکێتییە بەیاننامەیەکییان دەرکردووە، تێیدا هاتووە: ئەی ڕۆڵە دڵسۆزەکانی کوردستان ئەم یەکێتییە لەسەر حسابی ژیانی ئێوە و برا عەرەبەکانیشە، چونکە ئەم یەکێتییە نەک هەر دژی کوردە، بەڵکوو دژی خودی عەرەبیشە، ئەمە جگە لەوەی ئەو نەختە مافەی هەشمانە لێمان زەوت دەکرێت، هەرلەدەستکاریکردن و گۆڕینی دەستورو یاساکان بەبیانوی یەکخستنیان لەگەڵ یەکگرتنەکە مەترسییەکی گەورەیە، هەربۆیە کورد پێویستی بەیەکگرتنی ڕاستەقینە هەیە بۆ ڕێگەگرتن لەو ڕێککەوتنە، هەرلەبەیاننامەکەشدا هاتووە کە داوا لەخەڵک دەکەن ڕاپەڕن و نارەزایەتی دەرببڕن، لە ڕاستیدا بەدرێژایی ساڵی پەنجاکان هەوڵ و تەقەلای پارتی لەلایەن (برایم ئەحمەد)ەوە دراوە بۆ سەندنی مافە نەتەوەییەکانی کورد، هەر وەک(نەوشیروان مستەفا ئەمین) ئاماژەی بۆ کردووە: کە لە ساڵی ١٩٥٢ بەدواوە ئەو بەیان

و بەرنامــە و پێڕەوانــەی پــارتی تــا ســاڵی١٩٦٤ هەرهەموویــان بەدەســتی ماموســتا(برایم ئەحمــەد)ەوە نــووسراوە(٩،٢٠٠٠).

لەئەنجامی ئـەو کاریگەرییانـەی بەهـۆی جەنگـی دووەمـی جیهانییــەوە هاتبــووە ئــاراوە، بارودۆخــی ئابــووری زۆر خــراپ بووبــوو، لەئەنجامــی بەرزبوونــەوەی نرخــی کەلوپــەل و خواردەمەنی و پێداویســتییەکان بەتایبەتیش خۆراک(الحسنی،ج٧، ٢٠٧،١٩٦٨)، هەربۆیــە لــە ئەنجامــدا کرێــکاران یادداشــتێکییان نـووسی و بـۆ لایـەنی پێوەندیـدار لەحوکوومـەتی عێراقـی بەرزیـان کـردەوە، کـە تیایـدا داوای چاککـردنی بـارو گوزەرانیـان کردبـوو، هەروەهـا ئەوەیـان خسـتبووە ڕوو، کـە لەئەنجامـی ئـەو بـارە ناهەمـووارەوە کـە بەهـۆی بەرزبوونـەوەی نرخـی کەلوپەلـەکان بەتایبــەت بەرزبوونــەوەی نرخــی مــاددە خۆراکییــەکان، بووەتـە هـۆی سـەختبوونی ژیانمـان، هەتـا ئاسـتی ئـەوەی زۆر لەئەندامانمـان گیـان لەدەسـتدەدەن(نزار(مجلة)،ع:٢، ١٣،١٩٤٨).

ئەنجام:

یەکــەم - خەبــاتی مــەدەنی بەســەرجەم شــێوازەکانی زیاتــر پـرسی کۆمەڵگـە مەدەنیەکانـە و کەمتر لەنـاو ئـەو کۆمەڵگەیانـە دەردەکەوێــت کــە لــە چوارچێــوەی سیســتەمی کۆمەڵایــەتی خێڵەکــی – عەشــیرەتی – ناوچەیــی دەخولێنــەوە.

دووەم - لەنـاو خەبـاتی مەدەنیـدا لـە مـاوەی دیاریکـراودا لـە شـاری سـلێمانی، شـێوازەکانی خۆپیشـاندان و نووسـینی یادداشـت لەهەمـوو شـێوازەکانی دیکـەی خەبـاتی مـەدەنی بەرفرەوانـتر کاریـان لەسـەر کـراوە.

سـێیەم - خەبـاتی مـەدەنی لـە شـاری سـلێمانی کـە کاردانەوەیـەک بـووە بـۆ سیاسـەتی خراپـی حوکوومەتـە یـەک لـەدوای یەکـەکانی عێـراق، هەندێـک جاریـش ڕەنگدانـەوەی کێشـەیەکی دەرەکـی بـووە، کەمجـار سـەرکەوتووبووە لەهێنانەدی ئامانجـەکانی، ئەمـەش بـۆ ئـەوە گەڕاوەتـەوە، کـە خەبـاتی مـەدەنی بەرانبـەر حوکوومـەتی مـەدەنی دەکرێـت، نـەوەک حوکوومـەتی خۆسـەپێن.

چـوارەم- پێڕەوکردنـی خەباتـی مەدەنـی لـە شـاری سـلێمانی زادەی ئـەو باکگراونـدە فیکـری و ڕۆشـنبیرییە بـووە، کـە هـەر لـە زووەوە شـارەکەی پێنـاسراوە، هەرئەمـەش وایکـردووە شـاری سـلێمانی تاوەکـوو ڕادەیـەک لـەو بـووارەدا لـە شـارەکانی دیکـە جیاوازبێــت.

پێنجــەم- لــە پێڕەوکردنــی خەباتــی مەدەنیــدا لــە شــاری ســلێمانی، جگــە لــە ڕۆڵــی ڕۆشــنبیران و خەڵکــی شــارەکە بەگشــتی، هەریــەک لــە حیزبــی شــیوعی و پارتــی ڕۆڵێکــی کاریگــەر و جووڵێنەریــان بینیــوە بەتایبــە لــە ئەنجامدانــی خۆپیشـاندانەکاندا، واتـە زۆر جـار ڕۆڵـی هاندانیـان بینیـوە، یـان بەشـداری سـەرەکی خۆپیشـاندانەکان بـوون.

پەراوێزەکان

پەراوێز

١. ناوی تەواوی جیهان عومەر تۆفیق، لەساڵی ١٩٣٩لەگەڕەکی پیرمەسوری شاری سلێمانی لەدایك بووە، لەبنەماڵەیەکی ناوداری شارەکەیە کە قەزازەکانن، ناوبراو خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە شاری سلێمانی تەواوکردووە، پاشان درێژەی بەخوێندن نەداوە و وەك فەرمانبەر لە موتەسەریفێتی سلێمانی دامەزراوە، پاشانیش لەکارگەی جگەرەی سلێمانی کاریکردووە. لەساڵی١٩٦١ بووە بەئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان، هەرلەو ساڵەشدا دەستگیرکراوە و دورخراوەتەوە بۆ عەممارە بۆماوەی دوو ساڵ، ناوبراو ئێستا خانەنشینە و هەر لە شاری سلێمانی دادەنیشێت(چاوپێکەوتن،تۆفیق، تشرینی یەکەمی ٢٠٢٢).

٢. ناوی عومەر مەعروف ئەحمەد بەرزنجی یە، لەساڵی ١٩٤٤ لەبەرزنجە لەدایك بووە، لەساڵی ١٩٥٤ هاتوونەتە شاری سلێمانی، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە شاری سلێمانی تەواوکردووە و پاشان خانەی ماموستایانی تەواوکردووە و لەساڵی١٩٦٦ بووە بەماموستای بەریتانیای لەماوەت، ناوبراو لەبواری شیعر نوسین دەستێکی باڵای هەیە، ئەمە جگەلەوەی کتێبی چاپکراوی بەتایبەت لەبواری شیعرو ئەدەبی بەریتانیای، لەساڵی٢٠٠٧ خانەنشینکراوەو لە شاری سلێمانی دادەنیشێت(چاوپێکەوتن، بەرزنجی، تشرینی یەکەمی ٢٠٢٢).

٣. ناوی بابە عەلی شێخ ئیسماعیل شێخ نەجیب بەرزنجی یە، لەساڵی ١٩٢٩ لەبەرزنجە لەدایك بووە، لەبەرزنجە خوێندنی سەرەتایی تەواو کردووە، پاشان خوێندنی ناوەندی لە شاری سلێمانی تەواو کردووە، لەساڵی١٩٤٤-١٩٤٥ واتە بۆ ماوەی یەك ساڵ لەکۆلێژی فەیسەڵییە خوێندوویەتی، لەساڵی ١٩٦٠ دوای تەواوکردنی خانەی ماموستایان دەبێتە ماموستا، لەساڵی ١٩٤٩ دورخراوەتە بۆ شوعەیبە، لەزۆربەی ئەو خۆپیشاندانانەی لەو ماوەیەدا لە شاری سلێمانی ئەنجامدراون بەشداریکردووە. لەساڵی ١٩٩٣ خانەنشینکراوە، بەڵام لەساڵی١٩٩٧ بەبڕیارێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگەڕێندرێتەوە سەر وەزیفەکەی و پاشان لەساڵی ٢٠٠٠ خانەنشین دەبێت، ئێستا لە شاری سلێمانی نیشتەجێیە(چاوپێکەوتن، بابە عەلی، تشرینی یەکەمی ٢٠٢٢).

٤. ناوی عومەری کوڕی عەزیزی کوڕی خالید کوڕی مەحوی کوڕی شێخ مەلا عوسمانی بەڵخی یە، ساڵی١٩٤١ لەسلێمانی دایك بووە، بەڵام وەکو خۆی ئاماژەی بۆکرد لەوتەمەنە گەورەترە و لەساڵی١٩٣٩لەدایك بوم، سەرەتا لەحوجرە خوێندوویەتی، پاشان لەساڵی١٩٤٦-١٩٤٧چۆتە قوتابخانە پاشان چۆتە ناوەندی سلێمانی و لەساڵی١٩٦٠یش چۆتە خانەی ماموستایان و لەساڵی١٩٦٣-١٩٦٤ بووە بە ماموستا، ناوبراو لەساڵی١٩٨٤بەدواوە زیاتر لەدادگادا کاریکردووە تاوەکو ساڵی٢٠٢٠، چەندین بەرهەم و نوسراوی هەیە بەتایبەت لەبواری ئەدەبدا. (چاوپێکەوتن،مەحوی، تشرینی یەکەمی٢٠٢٢).

٥. ناوی تەواوی ئەنوەر فەخری واسط، لەساڵی ١٩٣٢ لە شاری سلێمانی لەدایك بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لەسلێمانی تەواوکردووە، پاشان خوێندنی (دار المعلیمین)ی لەساڵی١٩٥٥لە بەغداد تەواوکردووە و لەسلێمانی بووە بە ماموستا، ناوبراو جگە لەوەی وەك سەرپەرشتیاری پەروەردەیی کاریکردووە لەهەمان کاتدا چەندین پلەو پۆستیشی لەو بوارەی خۆیدا بەڕێوەبردووە. ئێستا ماموستایەکی خانەنشینکراوە و لە شاری سلێمانی دادەنیشێت(چاوپێکەوتن»فەخری، تشرینی یەکەمی٢٠٢٢).

٦. ناوی تەواوی حسین کوڕی عارف کوڕی مەلا عەبدولڕەحمانی کوڕی محەمەد ئاغای کوڕی ئیسماعیل ئاغایە، باپیرە گەورەی دوای دامەزراندنی شاری سلێمانی هاتۆتە شارەکە و لەوێ نیشتەجێبووە. لەساڵی١٩٣٦ لە شاری سلێمانی لەدایك بووە، لەکۆتایی چلەکاندا بووە بەئەندامی حیزبی شیوعی عێراقی هەربەو هۆیەشەوە چەندین جارە دەستگیرکراوە و دورخراوەتەوە، ناوبراو خوێنندنی لەبواری یاسادا تەواوکردووە، لەیەکەم خولی پەرلەمانی کوردستان لەساڵی١٩٩٢بووە بەئەندامی پەرلەمان، بەهۆی دروستبوونی شەڕی ناوخۆ و ئەنجام نەدانی هەڵبژاردنی نوێ١٣ساڵ وەك ئەندامی پەرلەمانی کوردستان ماوەتەوە، ناوبراو ئێستا خانەنشینە و لە شاری سلێمانی دادەنیشێت(چاوپێکەوتن، عارف، تشرینی یەکەمی ٢٠٢٢).

٧. سەبارەت بە کردنەوەی لقی سلێمانی حیزبی شیوعی کە دواتر پێی دەوترا(تەحەڕوڕ)، ڕای جیاوازی لەسەرە سەبارەت بەکاتی کردنەوەی ئەم لقە، بەڵام ڕای نزیك لەڕاستییەوە ئەوەیە، لەساڵی(١٩٤٢) یەکەم شانەی ئەم حیزبە لە شاری سلێمانی کراوەتەوە، بەسەرپەرشتی(نەعیم بەدەوی)و بە هاوکاری(عبدالواحید نوری)، بەڵام لەڕووی پەیکەری ڕێکخستنەوە بەگوێرەی پەیڕەو و پرۆگرامی پەسەندکراوی کۆنگرەی یەکەمی حیزبی شیوعی عێراق لەساڵی ١٩٤٥ سلێمانی بریتی بوو لەلیژنەیەکی ناوچە و سەر بەلقی کوردی حیزبی شیوعی عێراق بووە(کەریم،٥٥:٢٠١٢)، لەڕاستیدا حیزبی شیوعی عێراقی لەسەردەمی پاشایەتیدا چەندین جار پێکهێنراوەتەوە و ئەندامەکانیشیان لە شاری سلێمانی ڕۆڵیان تیادا بینیوە، بەڵام ناچینە ناو ئەو وردەکارییەوە بۆئەوەی لەکرۆکی بابەتەکەمان دورنەکەوینەوە ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکە ئەوەی جێی باس و تێڕامانە، هەوڵ و تەقەللای ئەم لقەی سلێمانی حیزبی شیوعی لەخەباتی مەدەنی و ئاڕاستەکردنی ئەو خەباتەدا بەرزە ڕۆڵیی سەرەکییان بینیوە(یامولکی، تشرینی یەکەمی٢٠٢٢).

٨. بیرۆکەی دامەزراندنی ئەم پارتە بریتی بوو لەیەکگرتنی سەرجەم پارتە کوردییەکان، لەچوارچێوەی پارتێکی نوێی نەتەوەیی، لەڕاستیدا

دامەزراندنی ئەم پارتە لەئەنجامی ئەو بارودۆخە گونجاوە بوو کە لەدوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە هاتە ئاراوە، ئەم رۆڵی هەبوو لەبوژانەوەی هیوا نەتەوەییەکانی کورد، هەروەها ئەو کەسانەی کە چووبوون بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان و هاوکار و دەستباری دامەزراندنی کۆمارەکە بوون و پشتیوانییان کردوون، لە باشوری کوردستانیش رۆڵیان هەبوو لە کۆکردنەوە و یەکخستنی پارتە سیاسییەکانی باشور و دروستکردنی (پارتی دیموکراتی کورد)، کە لەکۆنگرەی سێیەمی پارتەکەدا لە ١٩٥٣ ناوەکەی کرا بە(پارتی دیموکراتی کوردستان)، ئەم پارتە لە (١٦ی ئابی ١٩٤٦)دا راگەیەندرا (شریف،٢٠٢١،١٧٩)، ئەوەی جێگای ئاماژە بۆ کردنە، ئەوەیە کە وێستگەی یەکەمی ئەم پارتە لە شاری سلێمانی بووە، تەنانەت بیرۆکەی دامەزراندنی پارتەکەش دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵەکانی (هەمزە عەبدوڵڵا)کە لە رۆژهەڵاتی کوردستانەوە ئەم بیرۆکەیەی گەڵاڵە کردووە، ئەویش بەیەکگرتنی سەرجەم پارت و بەرەکانی باشوری کوردستان، لەگەڵ هەریەك لە(میر حاج و مستەفا خۆشناو و سەید عەزیز شەمزینی)، دەستەیەکی دامەزرێنەریان پێکهێنا بەسەرۆکایەتی(مەلا مستەفا بارزانی) پاشان بەیاننامەیەکییان لە مهاباد دەرکرد و داوایان لە هەموو نیشتیمان پەروەرەکان و کۆمەڵە کوردییەکان لە عێراق کرد بۆ تێکۆشان و یەکگرتن بۆ دامەزراندنی ئەم پارتە، تەنانەت بەر لەم بەیاننامەیەش لەسەر پێشنیاری (هەمزە عەبدوڵلا) (عەلی عەبدوڵلا) ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی شۆڕش لەسلێمانی چوو بوو بۆ بینینی(برایم ئەحمەد)بەرپرسی (ژ.ك)بوو لە سلێمانی، هەروەها دواتریش بۆ هەمان مەبەستی دامەزراندنی پارتی(برایم ئەحمەد) چاوی دەکەوێت بەهەریەك لە(ساڵح حەیدەری و نافیع یونس)، تا دواجار بڕیار لەسەر دامەزراندنی پارتی دەدرێت(تاڵەبانی،١٩٧٠، ١٢٨-١٣٠)، ئەم پارتە سەرەتا لەبەغدا بوو، بەڵام کاتێك کابینەیەکی نوێی حکومەت لەلایەن(نوری سەعید)ەوە لە(١ی تەمموزی١٩٤٧)پێکدەهێنرێت، سیاسەتی داپڵۆسین و دەستگیرکردن دەگرێتەبەر، ژمارەیەك لەئەندامانی پارتی بەبێ ئاگایی دەشتگیردەکرێن لەوانەش وەك(برایم ئەحمەد) کە دوو ساڵ حەپسکردنی بەسەردا درا(کۆچێرا،٢٠٠٧، ٢٤٧-٢٤٨)، هەربۆیە ناوەندی گرنگی سەرکردایەتی (پارتی دیموکراتی کورد)و (رۆژنامەی رزگاری) کە زمانحاڵی پارتەکە بوو گواسترایەوە بۆ شاری سلێمانی(کەریم،٢٠١٢،٩٤).

٩. ناوی ئەکرەمی کوڕی حاجی قادر ئەفەندییە، لەساڵی ١٩٣٠ لە شاری هەولێر لە دایك بووە، بەڵام دوای دوو ساڵ لەو بەروارە کەباوکی خانەنشین دەکرێت دەگەڕێنەوە شاری خۆیان کە شاری سلێمانی بوو، ناوبراو برازای مستەفا پاشا یامولکییە، لەساڵی١٩٣٦ دەچێتە بەرخوێندن، بەڵام بەهۆی ئەوەی خوشکەکانی لەبەغداد دەخوێنن هەربۆیە دەچنە ئەو شارە، دوای چەند ساڵێك دەگەڕێنەوە شاری سلێمانی، سەبارەت بە کاری حیزبایەتی ناوبراو هەرلەساڵی١٩٤٧بەدواوە دەبێتە ئەندامێکی کارای حیزبی شیوعی، هەربەوهۆیەشەوە چەند جارێك دەستگیر دەکرێت و دوردەخرێتەوە، هەربۆیە چەند ساڵێك لەخوێندن دوادەکەوێت، تاوەکو لەساڵی١٩٥٥ بەشی یاسا بەپلەی باڵا تەواودەکات، لەساڵی ١٩٦٤ خوێندنی دکتۆرا لەسویسرا تەواودەکات و لەبەغداد دەبێت ماموستای زانکۆ لەبەشی یاسا، ئەمە جگە لەوەی لەساڵانی دواتردا لەچەند زانکۆیەکی ناوخۆیی و رۆژهەڵاتی ناوەراستدا پیشەی ماموستایی کردووە، ناوبراو زیاتر لەسی بەرهەمی هەیە بەتایبەت لەبواری یاسادا جگە لە بڵاوکردنەوەی دەیان توێژینەوەی زانستی، لە رووی زمانزانیشەوە پێنج زمان دەزانێ(کوردی، عەرەبی، بەریتانیای، تورکی و فەڕەنسی)، ئێستا لەژیاندایە و لەشاری بەغداد نیشتەجێیە و هەندێکجاریش لە هەولێر دادەنیشێت(چاوپێکەوتن،یامولکی، تشرینی دووەمی٢٠٢١).

١٠. ناوی تەواوی عەبدوڵڵا کوڕی محەمەد ئەمین کوڕی عەبدولڕەحمانە لەساڵی ١٩٤١لە گەورەدێی عەبابەیلێی هەڵەبجە لەدایك بووە، هەر لەمناڵییەوە لە کۆڵان پێیان وتووە(عەبەسور)، هەربۆیە ئەوناوە بووەتە نازناو بۆی، ناوبراو لە شاری سلێمانی دادەنیشێت، ماموستا و سەرپەرشتیاری پەروەردەیی بووە و ئێستا خانەنشینە(چاوپێکەوتن،عەبەسور، تشرینی یەکەمی٢٠٢٢).

١١. ناوی شێخ ئەحمەد کوڕی شێخ مەحمود کوڕی شێخ محەمەد، لەساڵی ١٩٤٢لە شاری سلێمانی لەدایك بووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لەسلێمانی تەواوکردووە، پاشان لەساڵی١٩٦٦-١٩٦٧خوێندنی لەبەغداد تەواوکردووە و بووە بە ماموستا، ناوبراو سەربە بنەماڵەی شێخانی باراون، لەرووی سیاسییەوە لەساڵی ١٩٥٧ بووە بەئەندامی حیزبی شیوعی لەسەرەتای ساڵانی شەستەکانی سەدەی بیستەوە پەیوەندی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردووە، ناوبراو ئێستا ماموستایەکی خانەنشینە و لە شاری سلێمانی دادەنیشێت(چاوپێکەوتن، شێخ ئەحمەد، تشرینی یەکەمی ٢٠٢٢).

١٢. ناوی تەواوی کامیل نیزامەدین جەلالە، لەساڵی١٩٣٤ لە شاری سلێمانی لەدایك بووە، کۆلێژی مافی لەبەغداد لەساڵی١٩٦٦تەواوکردووە، لەساڵی١٩٤٨-١٩٥٨ ئەندامی حیزبی شیوعی عێراقی بووە لەوبڕوایەوە کە کورد لەو رێگەیەوە دەگاتە مافی چارەی خۆنووسین. هەربەهۆی چالاکی حیزبیشیەوە چەند جارێك دەستگیرکراوە و دورخراوەتەوە وەك دورخستنەوەی بۆ شوعەیبە و ئەبوغرێب، دامەزرێنەر و ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵەی ئازادی وژیانەوەو یەکێتی کورد(کاژیك)بووە، لەساڵی١٩٧٤-١٩٧٥دادوەری پشکنەری دادبووە لەشۆڕشی ئەیلول، ناوبراو هەر لەساڵانی پەنجاکانی سەدەی رابردووەوە سەپەرشتی چەند رۆژنامە و گۆڤاری کردووە، ئێستا لەژیاندا ماوە و لەشاری سلێمانی نیشتەجێیە(ژیر، تشرینی یەکەمی٢٠٢١).

## لیستی سەرچاوەکان:

القرآن الكريم.

یەکەم/ بەڵگەنامە بڵاوکراوەکان:

ئەحمد، مەزهەر (٢٠٠٩)، کوردو کوردستان لەبەڵگەنامە نهێنییەکانی حکومەتی بەریتانیادا، ب١، چ٢، لوبنان، چاپخانەی گرین گلۆری.

ئەندروس، دەیڤید (٢٠٠٩)، گەلە بەشخوراوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست(بەڵگەنامە)، و: محەمەد حەمەساڵح تۆفیق، سلێمانی، چاپخانەی ڕەنج.

سەردەشتی، یاسین (٢٠٢٢): سلێمانی لەچەند ڕۆژنامە و بەڵگەیەکی فەرەنسی بەریتانیاییدا، سلێمانی.

دووەم/ سەرچاوەی زانکۆیی:

حمد، مەبەست هەژار (٢٠١٨)، مارتن لوثەر کینك ژیان و هزر و ڕۆڵی سیاسی(١٩٢٩-١٩٦٨)، نامەیەکی ماستەرە پێشکەش بەبەشی مێژووی زانکۆی کۆیە کراوە، سەرپەرشتیار: هیوا حمید شەریف.

سێیەم/ کتێبە بیرەوەرییەکان:

ئاغجەلەری، مەلا نوری عەبدوڵڵا ساڵح (٢٠٠٩)، بیرەوەرییەکانم لەنێوان بینین و بیستندا، ئامادەکردنی: سدیق ساڵح، سلێمانی، چاپخانەی شڤان.

رسول، عیزەدین مستەفا (٢٠٠٦)، بەشێك لە یادداشتەکانم، سلێمانی، چاپخانەی حەمدی.

شێخ تەها، شێخ قادر (٢٠٠٦)، مشتێك لەخەرواری بیرەوەرییەکانم، سلێمانی.

عەبدوڵڵا، نایب (١٩٩٦)، بیرەوەری ٢١ساڵی تێکۆشان، سوید.

کەریم، غەفوری میرزا (٢٠٠٠)، کێوماڵێ بەناو بیرەوەرییەکانمدا، سلێمانی، چاپخانەی هەمیشە.

کەریم، غەفوری میرزا (٢٠٠١)، چەند مەڵۆیەك لەخەرمانی نوسینەکانمدا، سلێمانی.

کەریم، قادر میرزا (٢٠٠١)، بیرەوەری مێژوویەکی پڕ لەشانازی، ب١،سلێمانی، ئۆفیستی دیلان.

کەریم، قادری میرزا (٢٠٠٩)، مێژوویەکی پڕ لەشانازی، ب٢، سلێمانی، چاپخانەی ئەزمر.

مەنگوڕ، میرزا محەمەد (٢٠٠٣)، حەقائیقی بەسەرهاتی شێخ مەحمود لەپەنای ئیستیقلالی کورددا، سلێمانی، لەچاپکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری.

محەمەد، مسعود (٢٠١٤)، گەشتی ژیانم، چ٤، سایتی ماموستا.

نوری، بەهادین (٢٠١٨)، بیرەوەرییەکانی بەهادین نوری، چاپخانەی تاران.

شاویس، نوری، د.ت، من مذکراتي، د.م.

چوارەم/ چاوپێکەوتنەکان:

ژیر، کامیل نیزامەددین، سلێمانی، تشرینی یەکەمی ٢٠٢١.

یامولکی، ئەکرەم عەبدولقادر، هەولێر، تشرینی دووەمی ٢٠٢١.

تۆفیق، جیهان عومەر، سلێمانی، تشرینی یەکەمی٢٠٢٢.

شێخ محەمەد، شێخ ئەحمەد شێخ مەحمود، سلێمانی، تشرینی یەکەمی٢٠٢٢.

عەبەسور، عەبدوڵڵا محەمەدئەمین عەبدولڕەحمان، سلێمانی، تشرینی یەکەمی٢٠٢٢.

بەرزنجی، عومەر مەعروف ئەحمەد، سلێمانی، تشرینی یەکەمی٢٠٢٢.

بابەعەلی، ئیسماعیل نەجیب بەرزنجی، سلێمانی، تشرینی یەکەمی٢٠٢٢.

عەبدولڕەحمان، حسێن عارف، سلێمانی، تشرینی یەکەمی٢٠٢٢.

فەخری، ئەنوەر واسط، سلێمانی، تشرینی یەکەمی٢٠٢٢.

مەحوی، عومەر عەزیز، سلێمانی، تشرینی یەکەمی٢٠٢٢.

پێنجەم/ کتێبەکان بە زمانی کوردی:

ئەحمد، کەمال مەزهەر (١٩٨٥)، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد، بەشی یەکەم، بەغداد، چاپخانەی الادیب البغدادیە.

ئەحمد، کەمال مەزهەر (٢٠٠١)، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد،ب٢، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

ئەحمەد، ئامانج حەسەن (٢٠٠٩)، برایم ئەحمەد ڕۆڵی لەبزاڤی ڕزگاریخوازی و ڕوناکبیری گەلی کورددا، سلێمانی، چاپخانەی ڕەنج.

ئەکانت، ئێسوارات (٢٠٠٥)، ڕێگای خۆشەویستی(بەسەرهاتی گۆڕانی ڕوحی گاندی)، سلێمانی، چاپخانەی چوارچرا.

بابان، جەمال (٢٠١٢)، سلێمانی شارە گەشاوەکەم، ب١-٢، چ٢، هەولێر، چاپخانەی ئاراس.

بۆتانی، کاکە مەم (١٩٩٨)، کاکی کاکان مرۆڤ و ڕوناکبیرو شۆڕگێڕ خەباتی سیاسی عومەر دەبابە، ب١، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری.

تاڵەبانی، جەلال (١٩٧٠)، کوردستان و بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد، و: حا، بیروت.

جەهانبەگلو، رامین (٢٠٠٢)، هزری ناتوندوتیژی، و: مراد حکیم، هەولێر، چاپخانەی موکریان.

خەیاڵی، لوقمان (٢٠٢١)، عێراق لەسەردەمی پاشایەتی هاشمیدا ١٩٢١١٩٥٨، سلێمانی، چاپخانەی کارۆ.

شارب، جین، هێلوی، ڕۆبەرت (٢٠١٣)، کۆمەڵگای مەدەنی و خەباتی مەدەنی، و: تالب قەیسەری، هەولێر، چاپخانەی موکریان.

شارب، جین (٢٠٠٧)، لەدیکتاتۆرییەوە بۆ دیموکراسی، و: کارزان محمد، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیار.

عەبەسور، عەبدوڵڵا محەمەدئەمین عەبدولڕەحمان (٢٠١٩)، مێژووی سەرهەڵدانی بزوتنەوەی قوتابیانی کورد لەسەرەتای پەنجاکانەوە تا ساڵی ١٩٦٠، سلێمانی.

عومەر،أ، سەروەر عەبدولرەحمان (٢٠١٩)، مانگرتنەکانی ساڵی ١٩٩١ یەکەم ئەزمونی خەباتی مەدەنی دوای ڕاپەڕین لە باشوری کوردستاندا، سلێمانی، چاپخانەی کارۆ.

عومەر،ب، سەروەر عەبدولرەحمان (٢٠١٩)، حزبی شیوعی عێراق و مەسەلەی کورد(١٩٣٤-١٩٧٥)،سلێمانی، چاپخانەی کارۆ.

قادر، مەهدی محەمەد (٢٠٠٥)، پێشهاتە سیاسییەکانی کوردستانی

عێراق١٩٤٥-١٩٥٨، سلێمانی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان.
کەریم، توانا رشید (٢٠١٢)، سلێمانی لەنێوان ساڵانی(١٩٤٥-١٩٥٨)لێکۆڵینەوەیەکە لەبارودۆخی سیاسی و ڕۆشنبیری، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
کۆچێرا، کریس (٢٠٠٧)، کورد لەسەدەی نۆزدە و بیستەمدا، و: حەمەکەریم عارف، چ٤، هەولێر، چاپخانەی ئاوێر.
لازاریف (٢٠١٠)، مێژووی کوردستان، و: وشیارعەبدوڵلا سەنگاوی، چ٢،هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
ماکداول، دیڤید (٢٠٠٥)، مێژووی هاوچەرخی کورد، و: ئەبوبکر خۆشناو، چ٢، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.
مستەفا، ئاراس عەبدولڕەحمان (٢٠١٨)، خۆپیشاندان و ڕاپەڕینەکانی باشوری کوردستان ١٩٢٠١٩٥٨، ب١، سلێمانی، چاپخانەی کارۆ.
موکریانی، حسین حوزنی (١٩٩٩)، هەڵکەوتی دیریکی لە کوردستان، هەولێر، دەزگای ئاراس.
مێرگەسۆری، محەمەد (٢٠١١)، یاخی بونی مەدەنی لەنێوان مەرجی یاسایی و دۆخی سیاسیدا، سلێمانی، چاپخانەی دلێر.
شەشەم/ کتێبەکان بە زمانی عەرەبی:
ابن منظور، محمد بن مكرم بن على ابو الفضل جمال الدين (١٤٠٥)، لسان العرب، ج٤، قم – ايران، نشر أدب الحوزه.
أتالي، جاك (٢٠٠٨)، كارل ماركس أو فكرالعالم(سرة حياة)، ترجمه عن فرنسيه: محمد صبح، دمشق، دار كنعان.
بطاطؤ، حنا (١٩٩٢): الحزب الشيوعى العراق، ترجمة: عفيف الرزاز، كتاب الثانى، بيروت-لبنان.
الحسنى، عبدالرزاق (١٩٦٨)، تاريخ الوزارات العراقيه، ج٧، ط٣، لبنان، مطبعة العرفان.
الحسنى، عبدالرزاق (١٩٦٨)، تاريخ الوزارات العراقيه، ج٩، ط٣، لبنان، مطبعة العرفان.
الحسنى، عبدالرزاق (١٩٦٨)، تاريخ الوزارات العراقيه، ج١٠، ط٣، لبنان، مطبعة العرفان.
الحفو، غانم محمد، البوتانى، عبدالفتاح على (٢٠٠٥)، الكورد والاحداث الوطنية في العراق خلال العهد الملكى١٩٢١-١٩٥٨، اربيل، مطبعة وزارة التربية.
الحميدي، جعفر عباس (١٩٧٦)، التطورات السياسية في العراق١٩٤١-١٩٥٣، النجف، مطبعة النعمان.
الحميدى، جعفر عباس (١٩٨٠)، التطورات والاتجاهات السياسية الداخلية في العراق ١٩٥٣-١٩٥٨، بغداد.
حمد، ياسين محمد، د.ت، دور الاعنف فى الحركه التحرر الوطنى الهند نموزجا دراسة الدولية، العدد الاربعون، د.م.
شارب، جين، د.ت، تطوير بديل حقيقى للحرب واشكال للعنف الاخرى، مؤسس البرت انشتاين.
شريف، عبدالستار طاهر (٢٠٢١)، الجمعيات والمنظمات والاحزاب الكوردية في نصف قرن ١٩٠٨ ١٩٥٨، ط٣، السليمانية، مطبعة پيرەمێرد.
عبدالحكيم، احمد، مرسى، هشام، عادل، وائل (٢٠١٣)، حرب الاعنف.. الخيار الثالث، ط٣، الدار العربية للعلوم ناشرون.
محمد، شيرزاد زكريا (٢٠٠٩)، اثر حلف بغداد ١٩٥٥ على الحركة التحرروية القومية الكوردية، دهوك، مطبعة جامعة دهوك.
مركز هردو لدعم التعبير الرقمى (٢٠١٧)، الحق فى الاضراب عن الطعام معركة الأمعاء الخاوية.. والحق فى المقاومة السلمية، قاهرة.
نعيم، هانى (٢٠١٢)، النضال الاعنفى الطريق الى الحرية، بيروت، منشورات مدونة.
حەوتەم/ گۆڤارەکان:
گەلاوێژ(گۆڤار)،ژ: ١١، ساڵ: هەشتەم، تشرینی دووەمی ١٩٤٧.
نزار(مجلة)،ع: ٢، ١٩٤٨.
نزار(مجلة)، ع: ٤، ١٥ مايسى ١٩٤٨.
تاڵەبانی، جەلال (١٩٩٨)، لەسێدارەدانی چوار ئەفسەرەکەو پەرەسەندنی کوردایەتی، گۆڤاری خاك، ژ:١٣.
حسن، عەلی ئەحمەد (٢٠١٨)، خوێندنەوەیەك بۆ مێژووی ڕێپێوان و خەباتی مەدەنی لەگەشەکردنی کۆمەڵگای کوردستاندا ١٩٩١ – ٢٠١٦، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژ: ٥.
خورشید، فوئاد حەمە (١٩٩٦)، ڕۆژێك پێش لەسێدارەدانی چوار ئەفسەرە قارەمانەکە، گۆڤاری ڕەنگین، ژ:٩٦.
دۆستان، حەمە(٢٠١٢)، خۆپیشاندان وەك پەیامێك بۆ گەیاندنی پەیامی ناڕازییەکان، سلێمانی، گۆڤاری کەلتور، ژ: ٦.
سدیق – ملا بەختیار، عبدالرحمن، (١٩٩٩)، مەدەنیەت زادەی چ قۆناغێکە، گۆڤاری مەدەنیەت، ژ: ٣.
هەشتەم/ ڕۆژنامەکان:
ئەمین، نەوشیروان مستەفا ئەمین (٢٠٠٠)، ژیان و چالاکییەکانی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد بەسەر پێنج قۆناغدا دابەش دەکات، کوردستانی نوێ(ڕۆژنامە)، ژ: (٢١٥٣)، ٢٢ی ئایاری ٢٠٠٠.
ڕزگاری(ڕۆژنامە)، ع: ١٧-١٨، السنة الثانية، كانون الثانى – شوباط ١٩٨٤.
ڕزگاری(ڕۆژنامە)، ع: ٥، مارتى ١٩٥٤.
ژین (ڕۆژنامە)، ژ: ٩٠٨، ٥مارتى١٩٤٨.
ژین(ڕۆژنامە)، ژ: ٩١٦، ٢٩ی نیسانی١٩٤٨.
ژین(ڕۆژنامە)، ژ: ٩١٨، ١٣ی ئایاری ١٩٤٨.
ژین(ڕۆژنامە)، ژ: ٩٢٠، ٢٧ی ئایاری١٩٤٨.
-ژین(ڕۆژنامە)، ژ: ٩٢٢، ١٠ی حوزەیرانی ١٩٤٨
ژین(ڕۆژنامە)، ژ: ٩٣٨، ٧ی تشرینی یەکەمی١٩٤٨.
ژین(ڕۆژنامە)، ژ:١٣٨٢، ٢٠ی شوباتی ١٩٥٨.
ژین(ڕۆژنامە)، ژ: ١٣٨٣، ٢٧ی شوباتی ١٩٥٨.

**ملخص**

النضـال المـدني جـزء مهـم مـن النضـال لتحقيـق أهـداف سياسـية. تعتمـد طريقـة النضـال هـذه عـلى مسـتوى وعـي وفهـم أفـراد المجتمـع. السـليمانية هـي واحـدة مـن الأماكـن التـي جربـت هـذا النـوع مـن النضـال مـن أجـل الحقـوق السياسـية والثقافيـة للأكـراد منـذ الحـرب العالميـة الثانيـة ولعبـت دورًا نشـطًا في هـذا المجـال، كان للأحـداث الخارجيـة في العـراق تأثـير. مـن ناحيـة أخـرى، لم يكـن هنـاك نضـال مسـلح خـلال هـذه الفـترة، لكـن الكفـاح المـدني جـرى عـلى نطـاق واسـع، لا سـيما مـن خـلال التظاهـرات ورفـع المذكـرات وجمـع التوقيعـات. يحـاول هـذا البحـث عـرض جوهـر نشـوء الكفـاح الأهـلي في السـليمانية وآثـاره ونتائجـه بالاعتـماد عـلى المصـادر المعـاصرة وتحليلهـا.

الكلمات الدالة: النضال المدني، المظاهرة، السليمانية.

## Abstract

Civil struggle is an important part of the struggle to achieve political goals. This method of struggle depends on the level of consciousness and understanding of the individuals of the society. Sulaimani is one of the places that has tried this kind of struggle for Kurdish political and cultural rights since World War II and has played an active role in this field External events in Iraq have had an impact. On the other hand, there is no armed struggle during this period, but civil struggle has been carried out on a large scale, especially through demonstrations, raising memoranda and collecting signatures. This research attempts to present the essence of the emergence of civil struggle in Sulaimani and its effects and results by relying on contemporary sources and analyzing them.

Keywords: Civic activism, Demonstration, Sulaimani.